دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە ٦٦٩، چوار شەممە، ٣٠ی بەفرانبار ١٣٩٤، ٢٠ی ژانویە ٢٠١٦، ٥٠٠ تمەن

www.kurdistanmedia.com

سمینارێک بۆ حەسەن شەرەفی لە وڵاتی دانمارک بەڕێوە چوو ٢

سمینارێک بۆ یادی ٧٠ ساڵەی کۆماری کوردستان لە سلێمانی بەڕێوەچوو ٢

سمینارێکی تەشکیلاتی لە وڵاتی نۆرویژ بۆ حەسەن شەرەفی بەڕێوە چوو ٢


پەیامی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات بە بۆنەی حەفتا ساڵەی... ٤


ڕوونکردنەوەیەک سەبارەت بە ڕەوتی یەکگرتنەوە ٦



تیرۆریزمی ڕووەڵماڵراو ٨


دۆخی کوردستانی باکوور ١٠

## پەیڤ

### حیزبی دێموکرات و حکوومەتی دێموکراتیک

کەریم پەرویزی

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە ٧٠ ساڵ لەمەوبەردا، دنیایەکی گۆڕی کە لە پێشتردا نەتەوەی کوردی تێدا دەسڕایەوە و دەسەڵاتی فاشیستی دەیەویست بوونی نەتەوەیەک لە ڕەگ و ڕیشەوە بسڕێتەوە. کۆماری کوردستان چەندین ڕەهەندی جیاوازی سیاسی، کولتووری، مێژوویی، ستراتژیک و کۆمەڵناسانەی هەیە کە هەرکامەیان پێویستیان بە خوێندنەوە و وەرددانەوەی جیاواز و تایبەت هەیە.

لەم نێوەدا دەوری بوونی حیزبی دێموکراتی کوردستان، وەکوو دامەزرێنەری ئەو کۆمارە، دەورێکی یەکلاکەرەوە و پێناسەکەرانەیە.

یەکلاکەرەوە بەو مانایە کە بە بێ بوونی حیزبێکی مودێرن و دێموکراتیک، ئەگەری دامەزرانی حکوومەتێکی پێشکەوتوانە و پڕشانازیی وەکوو کۆماری کوردستان، زۆر لاواز دەبوو. پێناسەکەرانەش بەو مانایە کە هەر کات باس لە حکوومەتی کوردستان لە ١٩٤٦دا دەکرێ، بۆ ناساندنی و پێناسەکردنی ئەو حکوومەتە، دەبێ پەنا ببرێتە بەر پێناسەکان و بەرنامەکانی حیزبی دێموکرات کە ئەو کۆمارەی دامەزراند.

پرسیارێک کە دوای چاوخشاندنەوەیەکی خێرا بەو مێژووە، لە تێکەڵاویی کۆمار و حیزبی دێموکرات دێتە ئاراوە ئەوەیە؛ گەر حیزبی دێموکرات نەبوایە، حکوومەتێکی فەرزیی کە قەرار ببوا دابمەزرێ، چۆن حکوومەتێک دەبوو؟

ئەوەی کە لە مێژوودا ڕوویداوە ناتوانین وەری گێڕینەوە و لە جیاتی ئەو پارامێترانە، پارامێتری دیکە دابنین و شکڵێکی فەرزی بە مێژوو بدەین، بەڵام نموونە و ئەزموونەکانی نەتەوەکانی دیکە و نەتەوەی کوردیش نیشانیان داوە کە لە ئامادە نەبوونی حیزبێکی دێموکراتدا چۆن حکوومەتێک دادەمەزرێ.

هەرچەند حیزبی دێموکرات تازە دامەزرابوو و ئەوەندەی کات نەبوو تاکوو هەموو قووڵاییکانی ژیانی خەڵک شۆڕ ببێتەوە و بەرنامەکانی بەتەواوی بە خەڵک ڕابگەیەنێ و خەڵک لەو بەرنامانە تێبگەن، بەڵام لە ماوەی ٣٣٠ ڕۆژ دەسەڵاتداریی کۆماردا، دنیایەک شانازیی دێموکراتیکی خولقاند کە نەوەکانی دوای کۆمار وەکوو ڕێباز چاو لەو کارە گرینگانە دەکەن.

بەڵام لە ئامادە نەبوونی حیزبێکی دێموکراتیدا، حکوومەتی زۆر لە جیهان و لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و تەنانەت لە کوردستانیش دامەزراون و ئەزموون کراون. زۆر حکوومەت بوون کە هەرچەند لە سەرەتاوە شەرعیەتی شۆڕشگێڕانەیان هەبووە، بەڵام دواتر و لە ڕەوتی درێژەدانی دەسەڵاتداریدا لەبەر نەبوونی حیزبێکی دێموکرات لە

درێژە لە لاپەڕەی ٢

# ئەلجۆبەیر تیرۆری میکۆنووس وەبیر ڕێژیمی ئێران دێنێتەوە





عادڵ ئەلجۆبەیر، وەزیری دەرەوەی عەرەبستان بە وەبیرهێنانەوەی کۆمەڵێک لە تیرۆرەکانی کۆماری ئیسلامی لەوانە تیرۆری میکۆنووس، ڕێژیمی ئێرانی وەک ڕێژیمێکی تیرۆریستی ناوزەد کرد.

یەک حەوتوو پاش بڵاوبوونەوەی وتارێکی وەزیری دەرەوەی ڕێژیمی ئێران لە ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز کە عەرەبستانی بە پاڵپشتی «توندڕەوە توندئاژۆخوازەکان» تۆمەتبار کردبوو، هاوتا عەرەبستانییەکەی، ڕۆژی ٣شەممە ڕێکەوتی ٢٩ی بەفرانبار بە بڵاوکردنەوەی نووسراوەیەک لە ژێر ناوی «گەلۆ ئێران دەتوانێ بگۆڕدرێت؟» لەم ڕۆژنامەدا، وەڵامی ناوبراوی داوەتەوە و گووتوویەتی وڵاتەکەی بووەتە قوربانیی ئەو تیرۆریزمەی کە ئێران پاڵپشتیی لێدەکات.

ئەلجۆبەیر لەم وتارەدا باس لەوە دەکات کە؛ ئێران لەباتی بەربەرەکانێ کردن لەگەڵ تەریک کەوتوویەکەی و وەلانانی سیاسەتە مەترسیدارە فیرقەییەکان، پشتیوانی کردن لە تیرۆریزم و تۆمەتی بێ بنەما لەدژی پاشایەتیی عەرەبستانی هێناوەتە بەرباس.

ناوبراو پاشان وێڕای ئاماژەدان بە سەرکەوتنی شۆڕشی ڕێبەندانی ساڵی ٥٧ لە ئێران و داڕشتنی یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی کە تێیدا باس لە «هەناردەکردنی شۆڕش» دەکرێت، دەڵێت: «دەرەنجامی ئەم سیاسەتە، پشتیوانیی تاران لە گرووپە توندڕەوەکانی وەک حیزبولڵڵای لوبنان، حووسییەکانی یەمەن و میلیشیاکانی عێراقە».

ئەلجۆبەیر لە بەشێک لە وتارەکەیدا ئاماژە بە جینایەتی تیرۆریستیی میکۆنووس دەکات کە تێیدا دوکتور سادق شەرەفکەندی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و چەند هاوڕێیەکی لە لایەن تیرۆریستەکانی ڕێژیمی ئێرانەوە شەهید کران، دەنووسێ: «ئێران لە هەمبەر تەقینەوەی مەقەڕی چەکدارانی ئەمریکایی لە بەیروت لە ساڵی ١٩٨٣، تەقینەوەی مەقەڕی ئەلخۆبر لە عەرەبستانی سعوودی لە ساڵی ١٩٩٦ و تیرۆری «نارازیانی سیاسی» لە ڕێستورانی میکۆنووس لە بێرلین لە ساڵی ١٩٩٢ بەرپرسیارە.» هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٣ بەملاوە ١١٠ کەس لە هێزە ئەمریکاییەکان لە عێراق لە لایەن ئەو هێزانەوە کوژراون کە ئێران پشتیوانییان لێدەکات.وەزیری دەرەوەی عەرەبستان لە بەشێکی دیکەی وتارەکەیدا ئاماژەی بەو ڕاستییە کردووە کە تاران بۆ بەرەوپێش بردنی سیاسەتە دەرەکییەکانی هێرش دەکاتە سەر باڵوێزخانەی وڵاتانی دیکە.

وەزیری دەرەوەی عەرەبستان لە درێژەی وتارەکەیدا دەڵێ: «ئێمە لە ڕیزبەندی وڵاتانی پاڵپشتی تیرۆریزمدا نین، بەڵام ڕێژیمی ئێران هەیە. گەلی ئێمە بەهۆی پاڵپشتی کردن لە تیرۆریزم نەکەوتۆتە نێو لیستەی گەمارۆ نێونەتەوییەکانەوە ، بەڵام ئێران هەیە. لێپرسراوانی وڵاتی ئێمە لە لیستەی پشتیوانانی تیرۆریزمدا نین، بەڵام ئێران هەیە. ئەوە نێردراوی ئێمە نەبوو کە بەهۆی پیلانی کوشتنی باڵوێزی عەرەبستانەوە لە واشینگتۆن لە ساڵی ٢٠١١ لە لایەن دادگای فێدراڵی نیویۆرکەوە ٢٥ ساڵ زیندانی بۆ بڕایەوە بەڵکوو نێردراوی ئێران بوو.»

## تیرۆریستەکانی سەر بە ئێران ٣ هاووڵاتیی ئەمریکاییان ڕفاندووە

٣ هاووڵاتیی ئەمریکایی کە حەوتووی ڕابردوو لە شاری بەغدا ڕفێندرابوون، کەوتوونەتە دەس میلیشیا شیعەکان کە لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە پشتیوانییان لێدەکرێت.

کاناڵی العربیە حەوتووی ڕابردوو بڵاوی کردەوە ٣ بەڵێندەری ئەمریکایی وێڕای وەرگێڕەکانیان لە لایەن میلیشیا چەکدارەکان لە گەڕەکی «الدورە»ی بەغدا ڕفێندران.

هەواڵدەری ئاسۆشیتێدپرێس پێشتر ڕایگەیاندبوو کە مرۆڤ ڕفێنەکان قوربانییەکانیان بۆ شارۆچکەی شیعەنشینی سەدر ڕاگواستووە.

ڕۆیتێرز دەنووسێ؛ بەرپرسێکی عێراقی وتوویەتی ئەم کەسانە بە هۆی ئەمریکایی بوونیانەوە ڕفێندراون.

٣ هاووڵاتیی ئەمریکایی کارگێڕی کۆمپانیایەکی بچووکی خزمەتگوزارییە تێکنۆلۆژییەکانی بەستراوە بە کۆمپانیای ئەمریکایی جێنراڵ داینامیکزن.

نیزیک بە مانگێک لەمەوپێش ٢٦ هاووڵاتیی قەتەری لە باشوری عێراق، لە لایەن میلیشیاکانەوە ڕفێندراون کە دەگوترێ مرۆڤ ڕفێنەکان شیعەی عێراق بوون. تا ئێستا هیچ هەواڵ و زانیارییەک لەسەر چارەنووسی ئەم ٢٦ کەسە لە بەردەستدا نییە.

لە مانگی خەرمانانیشدا، ١٨ هاووڵاتیی تورکیە لە بەغدا لە لایەن چەکدارانی شیعەی بەستراوە بە کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە دەستبەسەر کرابوون.

## لە ماوەی نیزیک بە ٢ ساڵدا، ١٩ هەزار هاووڵاتیی مەدەنی لە عێراقدا کوژراون

لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٤وە تاکوو کۆتایی ئۆکتۆبری ٢٠١٥ کە شەڕی نێوان حکوومەتی عێراق و داعش دەستی پێکرد، لانیکەم ١٨ هەزار و ٨٠٠ هاووڵاتیی سڤیل لە عێراقدا کوژراون و زیاتر لە ٣٦ هەزار کەسیش بریندار بوون.

هەواڵدەریی ئاسۆشیتێدپرێس بڵاوی کردەوە، نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆژی ٣شەممە ڕێکەوتی ٢٩ی بەفرانبار، لە ڕاپۆرتێکدا جگە لە کوژراو و بریندارە مەدەنییەکان، ئامارەکانی پێوەندیدار بە هەموو جۆرەکانی پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ، لەوانە کۆیلەیی ٣٥٠٠ کەس لە لایەن «خەلافەتی ئیسلامی»ی، بڵاو کردەوە. لانی زۆری ئەم چەند هەزار کەسە کە «خەلافەتی ئیسلامی» لە هاوینی ٢٠١٤دا بە دیلیی گرتوونی، ژنانی ئێزدین کە لە لایەن ئەم تاقمە جیهادییەوە ئازاری جینسی دراون. لەم ڕاپۆرتەدا هاتووە نیزیک بە ٨٠٠ تاکوو ٩٠٠ منداڵیش لە شاری موسڵ بە زۆرەملی بۆ فێرکاریی دینی و سەربازییەکان ڕفێندرابوون. بەپێی دوا بەڵگەکان، بەشێک لەم شەڕڤانە کەم تەمەنانە کە لە دواشەڕەکانی پارێزگای ئەنبار لە بەرەکانی شەڕ ڕایانکردبوو، لە لایەن داعشەوە کوژراون. ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەمان کاتدا باسی لە شێوازەکانی داعش بۆ کوشتنی دژبەرەکانی خۆی لەوانە سەربڕین، بە زیندوویی سووتاندن و فڕێ دانیان لە بینا بەرزەکانەوە کردووە. هاوکات، زەید ڕەعد حسەین، کۆمیسێری بەرزی مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایگەیاندووە وێدەچێ ڕێژەی قوربانییە مەدەنییەکان لە عێراقدا زۆر لەوەش زیاتر بن.

# سمینارێکی تەشکیلاتی لە وڵاتی نۆرویژ بۆ حەسەن شەرەفی بەڕێوە چوو

لە سمینارێکی تەشکیلاتی‌دا کە لە وڵاتی نۆرویژ بۆ حەسەن شەرەفی جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەڕێوەچوو، ناوبراو باسی لە ڕووداوەکانی دنیا و هەروەها ناوچە و کاریگەریی ئەو ڕووداوانە لەسەر کێشەی کورد بە گشتی کرد.

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ١٠ی بەفرانباری ١٣٩٤ی هەتاوی، سمینارێکی تەشکیلاتی لە لایەن کۆمیتەی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی نۆرویژ بۆ حەسەن شەرەفی جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێک هێنرا. لەم سمینارەدا بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزبی دێموکرات بەشداریان کرد. تەوەری گشتی باسەکانی شەرەفی، لەو سمینارەدا بریتی‌بوون لە؛ کورتەیەک لە ڕووداوەکانی دنیا و هەروەها ناوچەکە و کاریگەریی ئەو ڕووداوانە لەسەر کێشەی کورد بە گشتی لە ڕوانگەی ناوبراوەوە.

گرژی و ئاڵۆزییەکانی ئەمدواییانەی نێوان ئێران و عەرەبستانی سعوودی و هەروەها هەڵسوکەوتی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ کێشەی داعش لە ناوچەکەدا و دابەشبوونی زلهێزەکان و وڵاتانی ناوچە بەسەر دوو بەرەی شەڕدا باسێکی دیکەی ئەم سمینارە بوو. هەروەها، حەسەن شەرەفی باسی لە کاروچالاکیی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بە گشتی و حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی کرد. لەو بەشەدا شەرەفی پێداگریی لەسەر بوونی پێوەندیی حیزب لە گەڵ دیکەی حیزبەکانی ئێرانی کرد، بۆ ئەوەی بتوانن لە درێژخایەندا زیاتر سەرنجی ئەوان بۆ لای کێشەی کورد لە ئێران ڕابکێشین کە لە ئێستادا زۆربەی ئەو حیزب و سازمانانە بڕوایان بە فرەنەتەوە بوونی ئێران نییە و زیاتر پێداگریی لەسەر یەکپارچەیی ئێران وەکوو یەک وڵات و یەک نەتەوە دەکەنەوە. جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لەمەڕ مەسەلەی هەڵبژاردنەکانی ئێران کە ڕێژیم دەیهەوێ لە ٧ی ڕەشەمەی ئەوساڵ بەڕێوەی ببا، لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە شتێک بە ناوی پارلەمان و مەجلیسێک کە نوێنگەی ئیرادەی خەڵک بێ، بوونی نیە و تەنیا شوێنی کۆبوونەوەی ئەندامانی ئورگانێکە کە شوورای نیگابان ڕێگەی پێداون تێیدا بەشدار بن و هیچ دەسەڵاتێکیان نیە، جگە لە شەرعیەتدان بە دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی.

# سمینارێک بۆ یادی ٧٠ ساڵەی کۆماری کوردستان لە سلێمانی بەڕێوەچوو




بۆ ڕێزگرتن لە یادی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان، هەر دوو ڕێکخراوی کوردستانیی، «یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ڕێکخراوی ئازادی لاوانی کوردستان» سمینارێکیان لە دوو تەوەردا: «کۆماری کوردستان، بنەمایەک بۆ بە دەوڵەت بوونی کورد» و «ڕەهەندەکانی کۆماری کوردستان و دەرەنجامە پێشکەوتنخوازەکانی»، لە شاری سلێمانی بەڕێوەبرد.

ڕۆژی شەممە ٢٦ی بەفرانباری ٢٧١٥ی کوردی بەرانبەر بە ٢٠١٦/٠١/١٦ی زایینیی، بە ئامادەبوونی هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستیی بەڕێز کەریم پەرویزی لە هۆڵی مامۆستا برایم ئەحمەد لە شاری سلێمانی، بۆ بەرز ڕاگرتنی یادی ٧٠ساڵەی دامەزراندنی کۆماری کوردستان، سمینارێک بۆ بەڕێزان دوکتور پشکۆ حەمەتاهیر ئاغجەلەری و مامۆستا شەریف عەلی هەژاری، بەڕێوە چوو.

سمینار بە چەند ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد.

پاشان جەلال ڕەوانگەرد سکرتێری گشتیی یەکیەتیی لاوان بە نوێنەرایەتی هەردوو ڕێکخراو، بەخێرهاتنی بەشداربووانی کرد و ئاوڕێکی لە دەرەنجامی پێشنیارکراوی ڕۆژی نەتەوەیی کورد لە هەر دوو کۆنفرانسی دووهەم و سێهەمی نەتەوەیی لاوانی چوارپارچەی کوردستان کە پێشنیار کرابوو ٢ی ڕێبەندان وەک ڕۆژی نەتەوەیی دیاری بکرێت دایەوە و گرینگی ئەو یادەی خستە ڕوو.

دواتر فیلمێکی دێکۆمێنتاری لەسەر ٢ی ڕێبەندان و کۆماری کوردستان بۆ ئامادەبووان بڵاوکرایەوە.

پاشان، بەڕیز کاک شەریف عەلی هەژاری، باسێکی وردی سەبارەت بە کۆماری کوردستان و بنەماکانی بە دەوڵەت بوونی کورد لەو کۆمارە بەشکۆیەدا پێشکەش بە بەشدار بووان کرد. دواتر دوکتور پشکۆ حەمەتاهیر ئاغجەلەری، مامۆستای زانکۆی سلێمانی و پرۆفسۆری یاریدەدەر لە بواری مێژوو، باسێکی تێر و تەسەلی سەبارەت بە ڕەهەندەکانی کۆماری کوردستان و دەرەنجامە پێشکەوتنخوازەکانی ئەو کۆمارە پێشکەش بە ئامادەبووان کرد و لە میانەی باسەکەیدا ئاماژەی کرد کە؛ بەرتەسک کردنەوەی ناوی کۆماری کوردستان بۆ کۆماری مەهاباد هەڵەیەکی مێژووییە و نەتەوەی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان خۆی بە خاوەنی کۆماری کوردستان دەزانێت و کۆماری میللی دێموکراتیکی کوردستان سەروەریی نەتەوەیی بەئەژمار دێت.

دوای باسی هەرکام لە بەڕێزان ئامادەبووان سەرنج و تێبینییەکانی خۆیان لەسەر هەر کام لە تەوەرەکانیی سمینارەکە خستە ڕوو.

سمیناری یادی حەفتا ساڵەی کۆماری کوردستان پاش ٢ کاتژمێر کۆتایی پێهات.

# کۆمیتەی هاوکاریی هێزە سیاسییە کوردستانییەکان کۆبوونەوەیەکی بۆ حەسەن شەرەفی پێک هێنا

لەسەر پێشنیاری کۆمیتەی هاوکاریی هێزە سیاسییە کوردستانییەکان، کۆبوونەوەیەک بۆ جێگر سکرتێری گشتی حەسەن شەرەفی پێک هێنرا.

ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٣ی بەفرانباری ١٣٩٤ی هەتاوی، حەسەن شەرەفی کۆبوونەوەیەکی بەڕێوە برد و لەم کۆبوونەوەیەدا باسی لە هەلومەرجی هەنووکەیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بەتایبەت هەلومەرجی کوردستان بەگشتی و کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان بە تایبەتی کرد. شەرەفی بە وردی ئاوڕی دایەوە لە گرینگی کورد لە ناوچەکەدا و هەروەها ئەرکی کورد و هێزە کوردستانییەکان لەو کاتە دژوارەدا کە بە سەر کورددا هاتووە و ئەرکی ئەوانی لەمەڕ پاراستن و ڕاگرتنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی کورد بە گرینگ وەسف کرد.

جێگری سکرتێری گشتیی حیزب لە بەشێکی دیکەی وتەکانیدا ئاماژەی بەوەدا کە هێزە سیاسییەکانی کوردستانی باشوور زۆر گرینگە لەم کاتە ناسکەدا، لەبەر پاراستنی ئەو دەسکەوتانەی کە تا ئێستا کورد لەم بەشەی کوردستان بە دەستیان هێناوە، دەست لە بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان هەڵگرن و پشت و پشتیوانی یەکتر بن لە پێناو بەرژەوەندیی نەتەوەییدا. لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا ناوبراو باسێکی لەسەر هەلومەرجی ئێستای ئێران و هەروەها دەستێوەردانەکانی ئەم ڕێژیمە لە کاروباری وڵاتانی دەوروبەردا پێشکەش کرد. لەو کۆبوونەوەیەدا لایەنەکانی ئەندام لە کۆمیتەی هاوکاریی هێزە سیاسییەکانی کوردستان پرسیار و تێبینی خۆیان

# سمینارێک بۆ حەسەن شەرەفی لە وڵاتی دانمارک بەڕێوە چوو



کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ دانمارک، سمینارێکی بۆ حەسەن شەرەفی، جێگری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێک هێنا.

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٦ی بەفرانباری ١٣٩٤ی هەتاوی، لە وڵاتی دانمارک سمینارێک بۆ حەسەن شەرەفی جێگری سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران بەڕێوە چوو.

ئەو سمینارە بە بەشداریی زیاتر لە ٢٠٠ کەس لە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و نوێنەرانی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کورد لە هەر چوار بەشی کوردستان و کەسایەتییە کوردەکانی دانیشتووی وڵاتی دانمارک بەڕێوە چوو.

حەسەن شەرەفی لەو سمینارەدا، پاش ئاماژەیەکی کورت بە نزیک بوونەوە لە ٢ی ڕێبەندان و پیرۆزبایی ئەو ڕۆژە، باسێکی چەند تەوەریی لە پێوەندی لەگەڵ وەزعی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بەتایبەتی باروودۆخی کورد لە هەر چوار بەشی کوردستان و سیاسەتە دژە مرۆڤییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و هەڵوێستی حیزب بەرانبەر بە شانۆی هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی مانگی داهاتوودا، بە تێروتەسەلی پێشکەش کرد.

لە کۆتایی‌دا بەشداربووانی سمینارەکە پرسیار و تێبینییەکانی خۆیان خستەڕوو.

# چالاکیی تەبلیغیی ئەندامانی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان لە کوردستان بەردەوامە

بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان ٧٠هەمین ساڵیادی دامەزرانی کۆماری کوردستان، لە کوردستانی ڕۆژهەڵات تێکۆشەرانی دێموکرات بە بەڕێوە بردنی چالاکیی تەبلیغاتی ئەو ڕۆژەیان بەرز و پیرۆز ڕاگرت.

ڕۆڵە قارەمانەکانی دێموکڕات لە شاری ڕەبەت لەو شوێنانە چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد: «دەوروبەری شیرکەت تەعاونی، دەوروبەری پاسگای ئینتزامی، دەوروبەری جەنگەڵبانی و مەدرەسەی (ابن سینا)، دەوروبەری پارکی هەوارەبەرزە، دەوربەری (اتش نشانی) و هەروەها لەسەر ڕێگاکانی لیلانێ و هەنداوێ و ناو گوندەکانی سیسێر، نستان، لیلانێ و هەنداوی».

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری مەهاباد، لەسەر قەبران و زۆربەی کۆڵان و گەڕەکەکانی ناوشار، بە بڵاوکردنەوەی تراکت و نووسینی دروشم، ڕێزیان لە یادی ٧٠ ساڵەی کۆمار و ٢ی ڕێبەندان گرت.

تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری یازدە ئەستێرەی فەیزوڵڵابەیگی، ڕۆژی پێنجشەممە و شەممە ٢٤ و ٢٦ی بەفرانباری ١٣٩٤ی هەتاوی، بە بڵاو کردنەوەی سی دی و تراکتی تایبەت، یادی ٧٠ ساڵەی دامەزراندنی کۆماری کوردستانیان بەرز نرخاند. ئەو شوێنانەی چالاکیی تەبلیغی تێدا بەڕێوەچووە بریتین لە: «سیلۆ، حاجی‌ئاوا، تەپەی شافعی،بیمارستانی تەئمین ئیجتماعی و شەهرەکی گوڵان».

# زیندانییەکی سیاسی دوای ١٦ ساڵ هێشتا ئیزنی سەردانی بنەماڵەکەی پێ‌نەدراوە

عومەر فەقێ‌پوور زیندانیی سیاسی کورد، دوای ١٦ساڵ لە دەستبەسەر کردنی لە زیندانی ڕەجایی شاری کەرەج، هێشتا ئیزنی مەرەخەسیی پێ‌نەدراوە، ئەوە لە کاتێکدایە کە ئەو زیندانییە مافی کەڵک وەرگرتن لە مەرەخەسیی هەیە.

ئەو زیندانییە سیاسییە کوردە لە ساڵی ١٣٧٨ی هەتاویەوە، بە تۆمەتی هەوڵدان دژی تەناهیی نەتەوەیی و هاوکاریی کردن لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە دادگای شۆڕشی شاری مەهاباد، حوکمی لەسێدارەدان و پاشان لە دادگای پێداچوونەوەدا، سزاکەی بە زیندانی هەتاهەتایی بڕدرایەوە.

عومەر فەقێ‌پوور، دوای دەستبەسەر کردن و دەرچوونی حوکمەکەی، لە زیندانەکانی شاری پیرانشار، مەهاباد و ورمێ ڕاگیرا و دواتر بۆ زیندانی ڕەجایی شاری کەرەج گوازرایەوە.

ئەو زیندانییە کوردە، خێزاندارە و لە کاتی دەستبەسەر کردنی‌دا، کچەکەی تەمەنی ٣ ساڵان بووە و وێڕای تێپەڕاندنی ١٦ساڵ لە حوکمەکەی، تەنانەت یەک ڕۆژیش لە ماڵ و لە لای بنەماڵەکەی نەبووە.

یەکێک لە هاوبەندییەکانی عومەر، لە نامەیەکدا بۆ خێزانی، بەم شێوەیە باسی ئەو زیندانییە کوردە دەکات؛ «هەمیشە بە بێ‌دەنگی بەرانبەر تەلەفزیۆنەکە دانیشتووە و چاو لە فیلم دەکات و لە ڕێگای چنینی کەمەربەند و جانتاوە، بژیوی ژیانی خۆی لە زیندان دابین دەکات».

# ئاڵمان: لە ڕێوڕەسمێکی بە شکۆدا ڕێز لە ٢ی ڕێبەندان گیرا

بە بۆنەی ٧٠هەمین ساڵیادی کۆماری کوردستان، ئاهەنگێکی بەشکۆ بە بەشداریی سەدان کەس لە کوردانی هەر چوار بەشی کوردستان لە شاری شتووتگارت-ی ئاڵمان بەڕێوە چوو.

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٦ی بەفرانباری ١٣٩٤ی هەتاوی، بە بۆنەی ٧٠ هەمین ساڵیادی کۆماری کوردستان، ئاهەنگێکی بەشکۆ بە بەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە کوردانی هەر چوار بەشی کوردستان لە شاری شتووتگارت-ی ئاڵمان بەڕێوە چوو.

سەرەتای ئاهەنگەکە بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتی «ئەی ڕەقیب» دەستی پێکرد و پاشان پەیامی هەرکام لە «کۆمەڵەی کوردی شتووتگارت، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و پەیامی هاوبەشی لایەنەکانی باشووری کوردستان» خوێندرانەوە.

لە بڕگەیەکی دیکەدا، فیلمێکی دێکۆمێنتاری لەسەر کۆماری کوردستان بڵاو کرایەوە.

کۆمەڵەی کوردی شتووتگارت، تەنیا کۆمەڵەی کوردی لە ئاڵمانە، کە لە خەڵکی هەر چوار بەشی کوردستان پێکهاتووە.

## درێژە لە لاپەڕەی ١

دەسەڵاتدا، بەرەو دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی هەنگاویان هەڵگرتووە و لە ئاکامدا هەندێک لەو جۆرە دەسەڵاتدارانە گرەوی سەرکوتیان لە حکومەتەکانی پێش خۆیان بردۆتەوە، بە شێوەیەک کە خەڵکی وڵات ئاواتیان گەڕانەوەی دۆخەکە بۆ پێش لە شۆڕش و حکوومەتە نادێموکراتیکە بەرهەمهاتووەکەی خواستوە. لێرەدایە کە دەگەین بەو تێڕوانینە کە جیا لە ڕۆڵی حیزبی دێموکرات لە دامەزرانی کۆماردا، بوونی ڕێکخراوێکی دێموکراتیک کە ڕوانینێکی مرۆیی و مودێرن و دێموکراتیکی بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی خەڵک هەبێ، پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە لە نموونەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، دەفتەری شانازییەکانی ئەستوورتر و قورستر دەکا.




# پێشمەرگەیەکی دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ماڵئاوایی لە ژیان کرد

«سادق بازیار» پێشمەرگەی دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆچی دوایی کرد. ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٦ی بەفرانباری ١٣٩٤ی هەتاوی، «سادق بازیار» پێشمەرگەی دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، خەڵکی شاری بۆکان، بە هۆی نەخۆشینی دڵ، ماڵئاوایی لە ژیان کرد. کاک سادق لە ساڵی ١٣٣٣ی هەتاوی لە گوندی «ڕەحیمخانی» بۆکان لەدایك بووە و لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئیران و پاش ئاشکرا بوونی تیکۆشانی حیزبی دێموکرات لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی‌دا، دەبێتە پێشمەرگە و لە هێزی «بەیان»دا سازماندەهی دەکرێت و لە چەندین شەڕی قارەمانانەدا لە ناوچەی بۆکان بەشداریی کردووە. پاشان لە لایەن ڕێژیمەوە دەگیرێت و بۆ ماوەی چەند ساڵ لە زیندانەکانی بۆکان و میاندواودا لە دەستبەسەری‌دا دەبێت. کاک سادق تا کۆتایی ژیان بە ڕێبازی حیزبی دێموکرات وەفادار مایەوە و لە گۆڕستانی زێدی لەدایکبوونی، لەنیو ئاپۆرای خەڵکی ناوچەکەدا بەخاک ئەسپێردرا.
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پرسە و سەرەخۆشیی خۆی لە بنەماڵە، خزم و کەس‌وکاری ناوبراو دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

# دایکی شەهیدێکی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان لە سەقز کۆچی دوایی کرد

دایە «مریەم مورادی» دایکی شەهید «ئیسماعیل نمکی» لە شاری سەقز ماڵاوایی لە ژیان کرد. ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ١٨ی بەفرانباری ١٣٩٤، «مریەم مورادی» دایکی شەهید «ئیسماعیل نمکی» شەهیدی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە هۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد.
شەهید ئیسماعیل نەمکی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران لە ساڵی ١٣٥٦، لەئاوایی «داڵوو» سەر بە شاری سەقز لە دایك بوو و لە ڕێکەوتی ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٧٦ی هەتاویی‌دا، لە کوردستانی باشوور، لە ڕێگای دووکان تیرۆر کرا و لە باینجانە بە خاک سپێردرا.
دایە مریەم یەکێک لە دایکانی نیشتمانپەروەر و، دڵسۆزی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو تەرمی دایە «مریەم» لە نێو ئاپۆڕای خەڵکی شاری سەقز و بۆکان و دۆستان و ئاشنایانی، بە خاک سپێردرا.
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەخۆشی لەبنەماڵەی دایە مریەم و کەس و کاری دەکات و خۆی بە شەریکی خەم و پەژارەیان دەزانێت.

# باوکی پێشمەرگەیەکی حیزبی دێموکرات کۆچی دوایی کرد

«محەممەدعەلی کەمانگەر» باوکی پێشمەرگەیەکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران، خەڵکی گوندی «تفین» لە ناوچەی «کامیاران، بە هۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد. ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٩ی بەفرانباری ١٣٩٤ی هەتاوی، «محەممەدعەلی کەمانگەر» باوکی «جەماڵ کەمانگەر» پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، خەڵکی گوندی «تفین» لە ناوچەی کامیاران، لە تەمەنی ٦٧ ساڵیدا بە هۆی نەخۆشی لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی کرماشان ماڵئاوایی لە ژیان کرد. ناوبراو دوای ماوەیەک بەربەرەکانێ لەگەل نەخۆشینی شێرپەنجە، لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی کرماشان کۆچی دوایی کرد. کاک محەممەدعەلی کەمانگەر کوڕی «محەممەدشەریف کەمانگەر»، کەسایەتییەکی ناسراو و خۆشناوی ناوچەی «بیلەوەری» کامیاران و جێگای متمانەی خەڵکی ناوچەکە بوو.
تەرمی کاک محەممەدعەلی لە نێو ئاپۆڕای خزم و کەس‌وکار و دۆستانی لە ناوچەی بیلەواری کامیارن بە خاك سپێردرا. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس‌وکاری «محەممەدعەلی کەمانگەر» دەکات و خۆی بە شەریکی خەم و پەژارەیان دەزانێت.

# دایکی شەهیدێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پیرانشار کۆچی دوایی کرد

دایکی شەهیدێکی حیزبی دێموکرات لە تەمەنی ٧٧ ساڵیدا لە شاری پیرانشار مالئاوایی لە ژیان کرد.
ڕێکەوتی ٢٠ی بەفرانباری ١٣٩٤ی هەتاوی، خاتوو « زارا پەیغامی» کچی «ڕەسوڵ»، دایکی شەهید «ئەحمەد گەوهەری»، خەڵکی گوندی « گردکسپیان» سەر بە شارستانی پیرانشار لە تەمەنی ٧٧ ساڵیدا بە هۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد.
شەهید « ئەحمەد گەوهەری» لە دوای ڕوخانی ڕێژیمی پاشایەتی، وەک زۆربەی لاوەکانی ئەو کاتی کوردستانی ڕۆژهەڵات پێوەندی بە حیزبی دێموکراتەوە دەکات و لە لکی ٤ی شەهید « محەممەد سەروکانی» چەکی بەرگری لە نیشتمان دەکاتە شان و دەبێتە پێشمەرگە.
پاش چەند ساڵ خزمەت لە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتدا، بەداخەوە ناوبراو لە ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی لە شەڕێکی قارەمانانەی هاوبەشی هێزەکانی سمکۆ و ئاوارەی ئەوکاتدا، هاوڕێ لەگەڵ شەهیدان قادری ئیفتخاری و خالید ناسر و عوسمان وەیسە و چەند شەهیدێکی دیکە شەهید دەبن.
تەرمی دایە زارا لە نێو ئاپۆرای خەڵکی گوندی گردکسپیان بە خاک سپێردرا.
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس‌وکاری دایە «زارا پەیغامی» دەکات و خۆی بە شەریکی خەم و پەژارەیان دەزانێت.

# دایکی دوو شەهیدی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پیرانشار کۆچی دوایی کرد

دایە «فاتمە مەولانی» دایکی دوو شەهیدی حیزبی دێموکرات لە تەمەنی ١١٠ ساڵیدا لە شاری پیرانشار ماڵاوایی لە ژیان کرد. ڕێکەوتی ٢٦ی بەفرانباری ١٣٩٤ی هەتاوی، دایە« فاتمە مەولانی» کچی «عەبدوڵڵا»، دایکی دوو شەهیدی حیزبی دێموکرات، شەهیدان «ئیبراهیم و قادر فەرعانی»، خەڵکی شارستانی پیرانشار لە تەمەنی ١١٠ ساڵیدا بە هۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد. تە رمی دایە فاتمە لە نێو ئاپۆرای خەڵکی ناوچەی پیرانشار و لە گۆڕستانی ئەو شارەدا بە خاک سپێردرا. شەهید «ئیبراهیم فەرعانی» ساڵی ١٣٣٩ی هەتاوی، لە گوندی «کەوپەڕ» سەر بە شاری پیرانشار لەدایک بوو. ناوبراو پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو کە لە ڕێکەوتی ١٣ی خاکەلێوەی ١٣٥٨ی هەتاوی، لە شەڕێکی قارەمانانەدا لە سەردەشت شەهید بوو و گڵکۆکەشی هەر لە سەردەشتە.
شەهید «قادر فەرعانی» ساڵ ١٣٤٢ی هەتاوی، لە گوندی «کەوپەڕ» سەر بە شاری پیرانشار لە دایک بوو. ناوبراو پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو کە لە ڕێکەوتی ١٣ی خاکەلێوەی ١٣٥٨ی هەتاوی، لە شەڕێکی قارەمانانەدا لە «حوسێن ئاوای» مەهاباد شەهید بوو و گڵکۆکەشی لە سەهۆڵانە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس‌وکاری دایە «فاتمە مەولانی» دەکات و خۆی بە شەریکی خەم و پەژارەیان دەزانێت.

# کۆچی دوایی ئەندامێکی دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

مستەفا عەبدی« ناسراو بە «مستۆ» کوڕی حاجی «محەممەدئەمینی عەبدی» و برای شەهید «عەبدوڵڵا عەبدی ناسراو بە «عەولا دۆڵەیی»، دانیشتووی شاری ورمێ لە تەمەتی ٦٣ ساڵی‌دا کۆچی دوایی کرد.
ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٢ی بەفرانباری ١٣٩٤ی هەتاوی،»مستەفا عەبدی» ناسراوبە «مستۆ»، کوڕی حاجی «محەممەد ئەمینی عەبدی» بە هۆی کەوتنە خوار لە سەربانی ماڵەکەی لە کاتی بەفر ماڵیندا، گیانی لەدەست دەدا. کاک مستەفا هەر لە سەرەتای ئاشکرابوونی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پێوەندی بە حیزبی دێموکرات لە ناوچەی دۆڵ دەگرێت و وەک ئەندامێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە لایەن کۆمیتەی ناوچەی دۆڵ و دەشتەبێل لە شانەی حیزبی‌دا سازمان دەدرێت و زۆر چالاکانە دەست بە کار و تێکۆشانی حیزبی دەکات. ناوبراو کەسێکی خۆشناو و جێگای باوەڕی خەڵکی ناوچەی دۆڵ و دەشتەبێل بوو، لە سەردەمی خەباتی چەکداری یارمەتی دەری بەوەجی کادر و پێشمەرگەکانی حیزب بوو و لە هەموو بارەوە یارمەتییەکانی بە حیزب دەگەیاند، هەر بۆیە زۆر جار لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئازار و ئەزیەت دەکرا و بە داخەوە دوای ئاشکرا بوونی لە ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی، بۆ ماوەی ٧ مانگ لە لایەن ئیدارەی ئیتلاعاتی ڕێژیم لە شاری ورمێ دەگیرێ و دوای ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆر، بە مەرجێ ئەوەی ماڵی لە ناوچەی دۆڵێ نەمێنێ ئازاد دەکرێ و مەجبوور دەبێ بۆ بژیوی بنەماڵەکەی لە ناوچەی تەرگەوەڕی ورمێ دەست بە شوانی بکات، بەڵام بە هۆی ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆر کە لە زیندان بەرانبەری کرابوو، تووشی هەندێک نەخۆشینی دەروونی ببوو، کە زۆر جار دەبووڕایەوە و کۆنترۆڵی ئەعسابی بە تەواوی لە دەست دەدا. هەر بە هۆی ئەم نەخۆشییەوە، ماوەیەکی زۆر بوو دەیناڵاند کە مەخابن ڕۆژی شەممە لە کاتی بەفر ماڵین لە سەربانی ماڵەکەی، دەبووڕێتەوە و بۆ هەمێشە ماڵئاوایی کە بنەماڵە و کەس و کاری کرد. کاک مستەفا تا دوا هەناسەی ژیانی وەک ئەندامێکی حیزبی، وەفادار بوو بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.
تەرمی مستەفا عەبدی لە نێو ئاپۆڕای خەڵکی ناوچەی دۆڵێ لە گۆڕستانی گوندی نازناز ئەسپەردەی خاک کرا. حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی لەو بنەماڵەی کەسوکاری کاک مستەفا دەکات و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریك و هاوبەش دەزانێت.

# دایکی شەهیدێکی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان لە مەهاباد کۆچی دوایی کرد

سەیزادە «عیسمەت عەباسی» دایکی شەهید «عومەر عەباسی» لە شاری مەهاباد ماڵئاوایی لە ژیان کرد. ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٢ی بەفرانباری ١٣٩٤ی هەتاوی، دایە سەیزادە «عیسمەت عەباسی»، دایکی شەهید «عومەر عەباسی» لە تەمەنی ٨١ ساڵیدا لە شاری مەهاباد کۆچی دوایی کرد. تەرمی دایە عیسمەت لە نێو ئاپۆرای خەڵکی ناوچەکە ئەسپەردە کرا.
شەهید عومەر عەباسی بە هۆی پیلانێکی تیرۆریستیی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە «بەربنە»ەی پیرانشار ساڵی ١٣٧٠ی هەتاوی شەهید کرا.
شەهید عەباسی پێشمەرگەی هێزی شەهید پێشەوا بوو و لەو هێزەدا ئەرکی پێشمەرگایەتیی بەڕێوە دەبرد. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پرسە و سەرەخۆشی لە بنەماڵە و خزم و کەس و کاری دایە عیسمەت دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

# تەقینەوەی مین لە قەسری شیرین قوربانیی لێکەوتەوە

تەقینەوەی یەکێک لە مینە بەجێماوەکانی شەڕی ٨ساڵەی نێوان ئێران و عێراق لە شاری قەسری شیرین، بریندار بوونی هاووڵاتییەکی لێ کەوتەوە.
ئاکام و لێکەوتەی شەڕێ هەشت ساڵە لە کوردستانی ئێران دوای تێپەڕینی ٢٦ساڵ، هێشتا قوربانی بە دوای خۆیدا دێنێ و لە تازەترین ڕووداودا، مینە چێنراوەکان لە قەسری شیرین، هاووڵاتییەکی کردە قوربانی.
شوناسی ئەو هاووڵاتییە کوردە بە «محەممەدجەعفەر چراغی» ڕاگەیەنراوە و لە کاتی لەوەڕاندنی مەڕ و ماڵاتدا تووشی ئەو ڕووداوە بووە.
دەوترێ، ئەو هاووڵاتییە کوردە لاقی ڕاستی بەر تەقینەوەکە کەوتووە و دەستبەجێ ڕەوانەی یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری قەسری شیرین کراوە و هەنووکە لە ژێر چاوەدێریی پزیشکی‌دایە. لەسەرەتای ئەمساڵەوە هەتا ئێستا، ٢٤ هاووڵاتی لەو شارە سنوورییە بوونەتە قوربانی مین و دیکەی کەرەستە تەقینەوەکانی بەجێماو لە شەڕی هەشت ساڵە و لە کۆی گشتی‌دا، ٦ کەس کوژراو و ١٨کەسی دیکەش برینداری لێ کەوتووەتەوە. شاری قەسری شیرین لە ڕۆژئاوای پارێزگای کرماشان هەڵکەوتووە و زیاتر لە ٢٧ هەزار کەس حەشیمەتی هەیە و ١٨٦هەزار کیلۆمێتر سنووری هاوبەشی لەگەڵ عێراقدا هەیە. هەروەها بۆ ماوەی ٢ساڵ لە لایەن حکوومەتی پێشووی عێراقەوە، لەکاتی شەڕی ٨ساڵەدا داگیرکراوە.

# سێ فیلمی دەرهێنەرێکی کورد بۆ فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی هەڵبژێردرا

سێ فیلمی «یەک هیچ»، «برگ‌های پاییز» و «ماهی» لە دەرهێنەرێکی کوردی خەڵکی شاری سەقز، بەشداریی لە فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی «ئەتلەس» لە وڵاتی ئەمریکادا کرد. بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، سێ کورتە فیلمی، یەک هیچ، گەڵاکانی پاییز و ماسی، لە دەرهێنەرێکی سینماکاری کوردی خەڵکی شاری سەقز، بە ناوی «سامان حوسێنپوور»، لە دووهەمێن فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی «ئەتلەس» لە وڵاتی ئەمریکا بەشدار دەبێت و پیشان دەدرێت. دووهەمین فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی « ئەتلەس» لە وڵاتی ئەمریکا، لە ڕێکەوتی ١٥ هەتا ٣١ی ژانوییە بەڕێوە دەچێت.
سامان حوسێنپوور، هەتا ئێستا سێ کورتە فیلمی بەرهەم هێناوە و یارمەتیدەر و بەشدار بووە لە بەشە جۆراوجۆرەکانی دروستکردنی زیاتر لە ٢٠ کورتە فیلمی دیکەدا. ناوبراو هەتاکوو ئێستا، دەیان خەڵاتی ئۆستانی، کیشوەری و نێونەتەوەیی لە بەشی چیروک نووسین و دروستکردنی فیلم بەدەست هێناوە.
سامان حوسینپوور لەدایکبووی ساڵی ١٣٧١ی هەتاویە لە شاری سەقز، و لە تەمەنی ١٤ساڵییەوە دەستی بە کاری شانۆیی کردووە و هەر لەو تەمەنەشدا چالاکییەکانی خۆی لە بواری سینماییەوە دەستپێکردووە.

# چارەنووسی چالاکێکی مەدەنیی کورد ناڕوونە

مەئموورانی ئەمنیەتیی کوردستان، چالاکێکی ژینگەپارێزیان لە شاری سنە دەستبەسەر و بۆ شوێنیکی نادیار گواستەوە. بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، لە سەرەتای حەوتووی ڕابردوودا، دامەزرێنەری ئەنجومەنی ناحکوومیی «ئۆگرانی کوردستان» دەستبەسەرکراوە و هەتا کاتی بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە، لە چارەنووسی ئەو چالاکە مەدەنییە هیچ زانیارییەک لە بەردەستدا نیە. شوناسی ئەو چالاکە مدەنییە بە «دانا حەسەنی» ڕاگەیەنراوە. لە هەواڵە نێردراوەکەی هەواڵنێری کوردپادا هاتووە؛ « ئەو چالاکە کۆمەڵایەتی و ژینگەپارێزییە لە ماڵی باوکی‌دا دەستبەسەر کراوە». ڕۆژی سێ‌شەممە ڕێکەوتی ٢٢ی بەفرانباری ١٣٩٤ی هەتاوی، هێزە ئیتلاعاتییەکانی شاری سنە، چوونەتە ماڵی ناوبراو و «ئەندامبوون و پەیوەندیی لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزیسیونی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران»، ئەو تۆمەتانە بوون کە دراونەتە پاڵ ئەو چالاکە ژینگەپارێزییە. سەرچاوەی ئاماژە پێکراو لە پەیوەندییەکی تەلەفونیدا ئەوەشی خستەڕوو کە؛ ئەو چالاکە مەدەنییە لە چەند مانگی ڕابردوودا لانیکەم سێ جار بانگهێشتی ناوەندە ئەمنیەتییەکانی حکوومەت کراوە و لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کراوە. ناوبراو ئەندامی دامەزرێنەری ئەنجومەنی ژینگەپارێزی «ئۆگرانی کوردستان»، خەڵکی گوندی «تەبەت»ی سەر بە شاری بۆکانە.
لەکاتی دەستبەسەر کردنی دانا حەسەنی، بنەماڵەکەی چەند جارێک بۆ ئاگاداربوون لە چارەنووسی کوڕەکەیان، سەردانی ناوەندە ئەمنیەتییەکانی حکوومەتییان کردووە کە هەتا ئێستا هیچ وڵامێکی ئەرێنیان دەست نەکەوتووە.
لە کۆتاییەکانی حەوتووی ڕابردوویشدا، لە شاری سەقز ئەندامێکی ئەنجومەنی سێنفیی مامۆستایان بە ناوی سەلاح حوسێنی بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک لە لایەن هێزە ئینتزامییەکانی ئەو شارەوە دەستبەسەر کرابوو. بەپێی ئاماری هێرانا، ئورگانی هەواڵی چالاکانی مافی مرۆڤ لە ئێران، لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا(٢٠١٥)، هێزە ئەمنیەتییەکان ٨٨٤ هاووڵاتیان کە ٣٠٧ کەسیان لە گرووپە ئیتنیکیەکانی (کورد، بەلووچ، تورکی ئازەری و عەرەب...) بوون، دەستبەسەر کردووە کە ٥٤ کەسیان لە پارێزگاکانی ئیلام، سنە، ورمێ و کرماشان دەستبەسەر کراون.

# پەیامی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات بە بۆنەی حەفتا ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستانەوە



٣٣٠ ڕۆژی پرشنگدار لە مێژووی کورد لە کوردستانی خۆرهەڵاتدا بە دەستی تێکۆشەرانێك و ڕێبەری زانایان تۆمار کرا. ئەو ٣٣٠ ڕۆژە نەك هێڵی دیاریکەری نێوان پێش و پاشی ئەو ڕووداوە گرینگە بوو، بەڵکوو بوو بە هەوێنی دووبارە پێناسەکردنەوەی نەتەوەیەك و سەلمێنەری ئیرادەیەکی گرینگ و پڕبایەخی ئینسانی و نەتەوەیی.

مانگی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی، مانگی یەکەمی ١٩٤٦ی زایینی، ڕێك ٧٠ ساڵ پێش ئێستا، بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، بە ڕێبەریی ڕێکخراوێکی مودێڕن و بەرۆژ، بە پێشەوایەتیی پێشەوایەکی زانا و گیانفیدا، گەیشتە لووتکەی خەبات و هەڵکشانی خۆی، لە شاری مەهابادی کوردپەروەردا.

لەو کاتەوە بە دامەزرانی کۆمار ئەو بزووتنەوەیە بەرگێکی نویی بەبەردا کرا و دەرکەوتەیەکی کردەیی لێ کەوتەوە و نەتەوەی کورد لە جوغرافیای کولتووری و مێژووییەوە هاتە نێو جوغرافیای سیاسییەوە و بوو بە خاوەنی کیانێکی سیاسی.

ڕۆژی ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤، ٢٢ی ژانویەی ١٩٤٦، لە مەیدانی چوارچرای هەمیشە چرای ڕێگا، پێشەوای نەمر بانگی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی بە گوێی هەموو جیهاندا دا و ئەوانەی تا دوێنێی کۆماری کوردستان، حاشایان لە بوونی نەتەوەیەك بەناوی نەتەوەی کورد دەکرد، بە ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی و دروستکردنی کیانێکی سیاسی بە ناوی کۆماری کوردستان تاسان.

لە مێژووی هاوچەرخی وڵاتی ئێرانی پڕ لە ستەمکاریی و حاشاکردندا، بەتایبەت دوای گەیشتنی شەپۆلەکانی مۆدێرنیزاسیۆن بۆ ناوچەکە، هێندێك بەناو ڕووناکبیرانی سەر بە نەتەوەی فارس لە ئێراندا، تیۆرییە شۆڤێنیستییەکانیان وەرگرت و بەرگی سیاسییان بە بەردا کرد.

ئەو بەرگە سیاسییە دوایە دەسەڵاتی ملهوڕ و سەرکوتکاری پەهلەویی لێ کەوتەوە و بناغەی سڕینەوەی نەتەوەکانی دیکە و جیاوازییە نەتەوەیی و فەرهەنگییەکانیان لە ئێراندا دانا. لە ڕاستیدا وڵاتێکیان وێران کرد کە پێشتر ئەگەر ستەمکاریی تێدا هەبوو، لانیکەم ئینکار و حاشاکردنی تێدا نەبوو، لە سەر ئەو وێرانەیە نەتەوەیەکی دەستکرد بەناوی نەتەوەی ئێرانیان بەزۆری زۆرداری لە سەر کاغەز دامەزراند و لە سەر ئەرزی واقیع، لەپێناو دروستکردنی وەها نەتەوەیەکی وەهمی‌دا، خوێنی بە هەزاران ڕۆڵەی نەتەوە غەیرە فارسەکانی ئێرانیان ڕشت و کڵاوی پالەوییان بەزۆر بە سەر خەڵکدا کرد.

لە وەها دۆخێکی شۆڤێنیستی و سڕینەوەی نەتەوەکاندایە کە کۆماری کوردستان لەدایك دەبێ و بەم شێوەیە نەتەوەی کورد وەزمان دێ و بە هەموو گەلانی ئێران و بە دەسەڵاتدارانی ناوەندنشین و پەراوێزکوژ دەڵێ کە، ستەمکاریی و کوشتار و قڕکردن، چۆك بە نەتەوەی کورد و بزووتنەوە ڕەواکەی دانادا و نەتەوەیەك کە ئامادەی خەبات و قوربانیدان لە پێناوی ئاوات و ئارمانەکانی‌دا بێ، نەك ناسڕدرێتەوە و ناتوێندرێتەوە، بەڵکوو ستەمکاریی ستەمکاران، پتەوتر و لە سەر داواکانی سوورتری دەکات و لە دەرفەتێکی لەباری مێژوویی‌دا بزووتنەوەکەی گەشەیەکی زیاتر دەکات و قۆناغێك لە ڕابردوو پێشتر دەچێ و هەڵدەکشێ تا ئاستی دامەزرانی دەوڵەتی تایبەتی خۆی.

کاتێك کۆماری کوردستان دامەزرا، وڵاتی ئێران لە ژێر دیکتاتۆریی ڕەزاخانی دەرباز ببوو، بەڵام لە ژێر چەکمەی داگیرکاریی هێزە هاوپەیمانەکاندا بەڕێوەدەچوو و بۆیە ئەو دەسەڵاتەی لە تاران بوو، بەرهەمی بەرژەوەندیی هاوبەشی داگیرکەرانی ئێران بوو و نوێنەری ئیرادەی بیانیی دەکرد.

ئەو ئەرتەشە سەرکوتکەرەی ڕەزاخان پێکی‌هێنابوو و زۆری پێ دەنازین، بەرگەی یەك ڕۆژ هێرشی بیانیی نەگرت و هەر وەك پێشەوای نەمر باسی کرد، ئەرتەشێك بوو کە تەنیا بۆ سەرکوتی خەڵکی بێ‌دیفاع ئازا بوو و لە شەڕی ڕاستەقینەدا پشتی لە دوژمن کرد و ڕوو لە نێوخۆ ڕایکرد.

لەو کاتەدا سەرلەبەری ئێران لە دەستی بێگانەدا بوو و لەو هەلومەرجەدا کوردستان بە ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان، دەسەڵاتی نەتەوەیی و خۆجێیی دامەزراند. لە دەورانی داگیرکردنی ئێراندا، تەنیا کوردستان و حکومەتی دراوسێی، واتە ئازەربایجان، ئیدارەیەکی خەڵکیی و نیشتمانییان تێدا دامەزرابوو.

کۆماری کوردستان کە بەرهەمی خەبات و فیداکاریی نەتەوەی کورد بوو، لە سەردەمی خۆیدا کە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە دەست ملهوڕیی دەسەڵاتداران و داگیرکارییەوە دەیناڵاند، بوو بە دەسەڵاتێکی تاقانە لە سەرتاسەری ناوچەکەدا، چوونکە تەنیا دەسەڵاتی دێموکراتیك بوو کە پشتیوانیی خەڵکی لە پشت بوو و لە نێو شایی و خۆشیی ئاپۆرای خەڵکدا دامەزرانی خۆی ڕاگەیاندبوو.

کۆماری کوردستان کە بۆ کورد نموونەیەکی هەرە دیار و کردەیی بۆ سەلماندنی بوونێکی نەتەوەیی و دەرخەری واقیعی ئیرادەیەکی نەتەوەیی بوو، تەنیا لە شێوەی سەمبولیکدا و تەنیا وەکوو ناو بۆ کورد گرینگیی نیە، بەڵکوو لەو دەسەڵاتە کورتخایەن و کەم تەمەنەدا، وێڕای کەموکوڕییەکان، زۆر کاری گرینگ و دەسکەوتی گەورە وەدی‌هاتن کە لەو کاتەوە تاکوو ئەمڕۆ، ڕێنیشاندەری خەباتی نەتەوەیی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستانن.

ئاماژەیەکی خێرا بە هەندێك لە گرینگترین کار و بایەخەکانی کۆمار دەکەین:

**یەکەم:** کۆماری کوردستان، یەکەم حکوومەتی کورد لە شێوازی کۆماری‌دا بوو، کە ئاماژەیەکە بۆ وەرچەرخانێکی مێژوویی لە ئیرادەی سیاسیی کورد وکوردستاندا. هەتا پێش لە ١٩٤٦، کورد لە بەشەکانی کوردستان لە هێندێك بڕگەی جیاوازی مێژوودا، خاوەنی دەسەڵاتی خۆجێیی بووە و لە ئاکامی هەندێك بزووتنەوەشدا حکوومەتی خۆجێیی ڕاگەیاندبوو، بەڵام هەموو ئەو حکوومەتانە شکڵ و شێوازی نەریتی و میری و پاشایەتییان هەبووە و لە دوایین نموونەشدا، حکومەتی شێخ مەحموودی نەمر لە سلێمانی، لە شێوازی مەلیکی و پاشایەتی‌دا ڕاگەیەندرا، بەڵام لە مەهاباددایە کە بۆ یەکەم جار حکوومەتی کوردستانی لە شکڵی کۆماریدا لەدایك دەبێ.

**دووهەم:** کۆماری کوردستان لە ١٣٢٤ی هەتاوی‌دا، بۆ یەکەمجار بوو لە مێژووی خەباتی کورددا، لە ژێر ئیدارە و بەڕێوەبەریی حیزبێکی دێموکرات و مودێڕندا دادەمەزرا.

هەرچەند حیزبی دێموکرات بۆ وەها کارێك کەم ئەزموون و تازە دامەزراو بوو، بەڵام خودی ئەو هەنگاوە گەورە مێژووییە، بوو بە ئەزموونێکی گرینگ بۆ بەڕێوەبەریی ئەمڕۆیی و خەڵکی. بوونی حیزبێکی دێموکراتیك و ئەمڕۆیی پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە تاکوو بتوانێ نوێنەری ڕاستەقینەی گەل بێ و دەسەڵاتەکە هەرچەند نەتەوەیی و کوردییش بێ، بەرەو ستەمکاریی و ملهوڕی هەنگاو نەنێ.

**سێیەم:** کۆماری کوردستان، سەمبولە پێویستەکانی بۆ پێناسەکردنی نەتەوەیی و بۆ ناسینەوەی ئیرادەی سیاسیی نەتەوەی کورد بەرهەم هێنا کە ئێستاشی لەگەڵ بێ، بزووتنەوەی ڕاستەقینەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان بۆ کۆکردنەوەی ئیرادەکان لە دەوری تەوەرێکی بەهێز کەڵکی لی وەردەگرن. ئەو هێما و سەمبولانە بریتین لە ئاڵای کوردستان، سروودی نەتەوەیی، دیاری‌کردنی ناوی گیانفیداییانی گەل بە ناوی پێشمەرگە و زمانی کوردی بوو بە زمانی فەرمی.

**چوارەم:** لە کۆماری کوردستاندا هێزی پێشمەرگەی کوردستان دامەزرا و هەوڵ درا هێزێکی نیزامیی بێ بۆ پارێزگاری لە دەسکەوت و بوونی نەتەوەیی و لە ژێر فەرمانی حکوومەتدا بێ، نەك سەرۆك عەشیرەت و کەسایەتییەکاندا.

**پێنجەم:** کۆماری کوردستان بە باوەشی ئاوەڵاوە کوردی بەشەکانی دیکەی جێ کردەوە و لە بەرزترین ئاستەکاندا لە ئیدارەی کۆماردا جێی کردنەوە و بەوەش بە کردەوە نیشانی دا کە هەرچەند کوردستان بە سەر چەند وڵاتدا دابەش کراوە و کورد لە هەر بەشێك چارەنووسی جیاوازی هەیە، بەڵام لە ئاکامدا هەر یەك نەتەوەیە و یەك خاکە.

**شەشەم:** کۆماری کوردستان نەکەوتە داوی شۆڤێنیزم و لەگەڵ گەلی تورك لە ئازەربایجاندا هاوپەیمانیی پێك هێنا و ڕێ‌نیشاندەر بوو کە لە باتیی کێشە و گرفت سازکردن لە نێوان نەتەوەکاندا، دەکرێ ڕێگای هاوکاریی و هاوپەیمانی بگیردرێتە بەر، تاکوو هەموو نەتەوەکانی ناوچە، پێکەوە هاوکار بن بۆ پێشکەوتن و گەشانەوە.

ئەو دەسەڵاتە کورت تەمەنە، بەداخەوە لە ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٥ی هەتاویدا و لە بەرانبەر هێرشی ئەرتەشی پەهلەوی‌دا خۆی نەگرت و بە دەستی هێزی نیزامیی تاران و هاوکاریی هێزە بیانییەکان ڕووخا. کۆماری کوردستان وەکوو هەموو دیاردەیەکی مرۆیی و سیاسی، بەدوور نەبووە لە کەموکورتی و لە خاڵە لاوازەکانی دەتوانین ئاماژە بەمانە بکەین:

- کۆماری کوردستان تەنیا بەشێکی کورت و بەرتەسکی کوردستانی گرتەوە و کۆمار نەیتوانی لە بواری کردەییدا هەموو خاکی کوردستان بخاتە ژێر دەسەڵاتی سیاسیی خۆیەوە.

- ئەو کۆمارە لەبواری ئیدارە و بەڕێوەبەرییەوە کەم تەمەن و کەم ئەزموون بوو و کادری شارەزای پێویستی بۆ حکوومەت و بەڕێوەبەری لەبەردەستدا نەبوو.

- هەرچەند هەوڵ بۆ دروستکردنی هێزێکی نیازمیی نەتەوەیی درا، بەڵام لەبەر پێکهاتەی دواکەوتووی کۆمەڵی کوردەواری، تێیدا سەرکەوتوو نەبوو و هێزە نیزامییەکەی، بەرفراوانییەکەی هەر وەکوو هێزی عەشیرەیی مابووەوە و لە کاتی تەنگانەدا پشتیان لە کۆمار کرد.

بەهەموو گرفت وکەموکووڕییەکانی کۆماری کوردستانەوە، ئەو دەسەڵاتە نەتەوەییە لە مێژووی کورد وکوردستاندا، بڕگەیەکی پڕشانازی و قۆناغێکی زێڕینە کە تێیدا ئاواتی نەتەوەیەك لە ڕێگەی ئیرادەیەکی شۆڕشگێڕانەوە بە کردەیی کرا و کیانێکی سیاسیی لێ کەوتەوە و لەو کاتەوە تاکوو ئێستا، دووبارە بونیاتنانەوەی وەها کیانێکی نەتەوەیی، بووە بە خولیا و ئارمانی نەتەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا.

ناکرێ باس لە کۆماری کوردستان بکرێ، بەڵام گیانفیدایی و تێکۆشانی کوردەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان کە ڕوویان لە قیبلەگای مەهاباد کردبوو فەرامۆش بکرێ و باس نەکرێن. ئەو هەموو سیاسیی و چالاکەی کورد لە هەموو بەشەکان و ئەو نووسەر و ڕووناکبیر و فەرهەنگیانەی کورد کە دەچوونە کۆمار و خزمەتیان بە بزووتنەوەی کورد دەکرد، خزمەت و زەحمەتەکانیان فەرامۆش نەکراو و جێگای ڕێزە. لەو نێوەدا بەتایبەتی دەبێ باس لە تێکۆشانی بارزانییەکان بە ڕێبەریی مەلا مستەفای نەمر بکرێ کە بە هەموو شێوەیەك لە خزمەتی کۆماری کوردستاندا بوون و هەروەها دەبێ یاد لە ئەفسەرانی کورد بکرێ کە لە باشووری کوردستانەوە هاتبوون تا خزمەت بە حکوومەتی کورد بکەن و دوایەش بەداخەوە لە لایەن دەسەڵاتی بەغداوە لەسێدارە دران.

لەو کاتەوە کە کۆماری کوردستان دامەزرا تاکوو ئێستا، دوژمنانی کورد و بەتایبەت دەسەڵاتی تاران چ لە سەردەمی پاشایەتی و چ لە سەردەمی کۆماری ئیسلامی‌دا، ئەو کۆمارەیان بەوە تاوانبار کردووە کە دەستکرد و ئامرازی دەستی ڕووسەکان بووە.

بە پێچەوانەی ئەو تۆمەتبارکردنەی دوژمنان، کۆمار نەك دەستکردی بیانی نەبوو، بەڵکوو کورد ئیرادەیەکی نەتەوەیی بۆ گەیشتن بە مافەکانی هەبووە و هەیە و لەو سەردەمدا لە هەلومەرجی جیهانیی و ناوچەیی و دەرەتانی سیاسی، کەڵکی بەجێی وەرگرت و کیانی سیاسیی خۆی دامەزراند. ئەمە لە کاتێکدایە کە هەر ئەو کات دەسەڵاتی پاشایەتی بە ڕێککەوتنی لەگەڵ ڕووسەکان و بە پێدانی ئیمتیازی نەوتی باکوور بە ئەوان، سەلماندی کە دەسەڵاتێکی سەر بە بێگانە و داگیرکەرانە و هەموو ئیمتیازێك بە بێگانەکان دەدا تاکوو دەسەڵاتە ملهوڕەکەی بەردەوام بێ، ئێستاش لە ئاکامی نیزیك بە چوار دەیە حکومەتی سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی‌دا، بۆ هەموو لایەك ڕوون بۆتەوە کە دەسەڵاتی دیکتاتۆری لە تاران، بۆ بەردەوامیی و مانەوەی ستەمکارییەکانی، ئامادەی هەموو جۆرە ئیمتیازدانێك بە بێگانەیە.

گەر کۆماری ئیسلامی سەردەمانێك دروشمی بریقەداری «نە شرقی، نە غربی» دەدا، لە ئێستادا بە سازان لەگەڵ ڕۆژئاوا لە سەر پەروەندە ناوکییەکەی، هەم گەورەترین ئیمتیازەکان بە ڕۆژئاوا دەدا تاکوو ڕژیمەکەی بەردەوام بێ و هەم بەتەواوی بۆتە پاشکۆ و ژێردەستی ڕووسەکان لە ناوچەکەدا، هەم بەرژەوەندییەکانی ڕووسیە دەپارێزی و هەم لە نێو ئێراندا سەروەت و سامانی وڵات بە هەرزان دەخاتە نێو گیرفانی ئەوانەوە، تەنیا بەو مەبەستەی کە چەند ڕۆژێك دەسەڵاتە نگریسەکەی درێژە بکێشێ.

ئێستا دوای ٧٠ ساڵ لە دامەزرانی کۆماری کوردستان، ئێمە ڕۆڵەکانی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان، هەم شانازی بە وەها دەسەڵاتێکەوە دەکەین و هەم وەکوو ناسێنەرێکی نەتەوەییمان پێناسەی دەکەین و هەم ئاوات و ئارمانە بەرز و ئینسانی و نەتەوەییەکانی زیندوو ڕادەگرین و لە پێناوی وەدی‌هێنانی‌دا بەردەوامین لە سەر ڕێگای خەبات و تێکۆشان و گیانفیدایی.

لە کۆتایی‌دا، یادی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان، لە هەموو کوردستانیان، لە نەتەوەی کورد لە هەموو بەشەکان و لە هەموو گۆشەیەکی جیهان و لە هەموو پێشمەرگەکانی کوردستان و لە بنەماڵەی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی پیرۆزبایی دەکەین.

بەهیوای دووبارە وەدی‌هاتنەوەی ئاوات و ئارمانجەکانی دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستان.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
کومیتەی ناوەندی
٣٠ی بەفرانباری ١٣٩٤ی هەتاوی

# بەیاننامەی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەمەڕ بایکۆتی هەڵبژاردنەکان

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ٧ی ڕەشەمەی ١٣٩٤ی هەتاویدا، دەیەوێ هەڵبژاردنی خولی دەیەمی مەجلیسی بەناو شووراى ئیسلامی و هەروەها خولی پێنجەمی مەجلیسی خوبرەگان بەڕێوە ببا و لەو پێناوەدا، لە کۆتاییەکانی مانگی سەرماوەزەوە دەستی کردووە بە ناونووسینی بەربژێرەکانی ئەندامەتیی ئەو مەجلیسانە. ڕێژیم وەکوو هەمیشە لە پرۆسەیەکی چەند مانگەدا، هەم پێش لە دەسپێکی ناونووسین و هەم لە دوای ناونووسین و باسی لەفیلتێردانی بەربژێرەکانی هەڵبژاردن و تا دوایی، کە پەردەی کۆتایی شانۆکە بە کۆتاییهاتنی دەنگدان و دەستێوەردانی سندووقەکان بەئاکام دەگا، کایەیەکی چەندپات کراوە بەڕێوە دەبا و بۆ هاندانی خەڵک بۆ ئامادە بوون لەو شانۆیەدا و بۆ گەرمکردنی تەندووری هەڵبژاردن، باس و بابەتی جۆربەجۆر دەورووژێنن و بە دروستکردنی کەشی ئێحساسی لە نێو کۆڕ و کۆبوونەوە و گرووپە هەمەڕەنگەکان لە ئێراندا، دەیانەوێ خەڵک وا تووشی وەهم ببن کە ڕەنگە هەڵبژاردنی ئەم جارە هەندێک شت بگۆڕێ.

هەرچەند بۆ کەسانی شارەزا هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری ڕێژیمەوە دیاربوو، بەڵام ئەزموونی چەند دەیە دەسەڵاتی سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی، هیچ ناڕوونییەکی نەهێشتۆتەوە و بەڕوونی سەلماندوویە کە ئەم ڕێژیمە لە ئامرازی هەڵبژاردن بۆ دووبارە بەرهەمهێنانەوەی مەشرووعیەتی چەواشەکراوی خۆی کەڵک وەردەگرێ و هەڵبژاردنی ڕاستەقینە و دێموکراتیک لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، بوونی نیە.

ئەوەی لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی تێگەیشتبێ، دەزانێ کە ئەم ڕێژیمە لە سەر بنەمای ویلایەتی فەقیە، کە نوێنەری خەڵک نیە، بەڵکوو خۆی بە خاوەنی خەڵک دەزانێ دامەزراوە و ئەم دەسەڵاتی وەلیی فەقیهە، لە ڕێگەی زەبر و زەنگی سپای پاسداران و دەزگا ئیتلاعاتییەکانی و لە ڕێگەی دەستگرتن بە سەر سەروەت و سامانی وڵات و دابەشکردنەوەی بەپێی پێویستییەکانی ڕێژیم و هەروەها لە ڕێگەی دەزگای ڕاگەیاندنی بەربڵاو لە تلویزیۆنەوە بگرە تاکوو مینبەری مزگەوتەکان، خۆی دەسەپێنێ و درێژە بە مانی دەدا و لە ڕاستیدا ئەوەی کە سەرچاوەی بنەڕەتیی دەسەڵات و حکوومەت بێ، لە ئۆرگانە ئینتسابییەکاندا کۆ کراونەتەوە و هەموویان لە ژێر دەستی وەلیی فەقیهدا بەڕێوە دەبرێن و بەپێی یاسای نامەشرووعی کۆماری ئیسلامی، ڕێبەری ڕێژیم خاوەنی خەڵک و خاوەنی هێز و خاوەنی بڕیاری ئەساسی لە نێو سیستمدایە.

بەو پێیە باسی هەڵبژاردنێکی ڕاستەقینە لە ئێراندا، هەر لە بناخەوە لەجێی خۆیدا نیە، چوونکە ناوەندەکانی دەسەڵات ناخرێنە هەڵبژاردنەوە و تەنیا پۆستە لاوەکیە بێدەسەڵاتەکانن کە لە سیناریۆیەکی چەواشەکراودا، شانۆگەریی هەڵبژاردنیان بۆ بەڕێوە دەچێ.

لەم پێناوەدایە کە شایەتی ئەوەین، هەڵبژاردن بۆ سەرۆک کۆماری لە ئێرانی ژێردەسەڵاتی ئیسلامیدا بەڕێوە دەچێ، بەڵام هەموو سەرۆک کۆمارەکان لە کۆتاییدا بەو ئاکامگیرییە دەگەن کە بە وتەی خاتەمی، جگە لە تەداروکاتچییەکی ویستەکانی ڕێبەر، کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نەبووە.

هەر وەها هەڵبژاردنی مەجلیسی خوبرەگان بەڕێوە دەچێ، کە بەپێی یاساکانی ڕێژیمیش بێ، دەبێ چاوەدێری بە سەر کارەکانی ڕێبەردا بکەن و ئەوان ڕێبەر دیاری بکەن، بەڵام گەر بە ئەسپاییش باس لە نەک ڕێبەر، بەڵکوو تەنیا ئەو ئۆرگانانەی کە فەرمان لە ڕێبەر وەردەگرن بکەن، هەڕەشەیان لێ دەکەن و بێدەنگ دەکرێن، کە نابێ ڕۆژێک لە ڕۆژان بیر لەوە بکەنەوە کە پێ لە بەڕەی خۆیان زیاتر ڕاکێشن!

لە نێو دامەزراوەکانی ڕێژیمدا، مەجلیسی ڕێژیم لە هەموویان کارتۆنیترە. بە هەموو شێوازێک پڕوپاگەندەی بۆ دەکەن کە جیناح و دەستە و تاقمی جیاواز لە ڕێژیمدا هەیە و لە سەر کورسیی مەجلیس گوایە ڕەقابەت دەکەن، بەڵام مەجلیس تەنیا دەبێ بە شوێنی کۆبوونەوەی تاقم و دەستە جیاوازەکان و وەرگرتنی ئیمتیازاتی مادی بۆ کەسەکان و ئەوەی یاسا و بڕیاری چارەنووسساز بێ، ڕێگەیان نیە کە باسیشی بکەن و گەر خودای نەکردە ڕۆژێک لە ڕۆژان، یاسایەکی بە تۆزقاڵێک لەگەڵ ویستی ڕێبەری ڕێژیم جیاواز بێ و ئەو مەجلیسە بیەوی ئەو بڕیارە پەسند بکا، وەک دەورانی مەجلیسی شەشەمی ڕێژیم، بە فەرمانێک بێدەنگیان دەکەن و سەرۆکی مەجلیسیش دەڵێ؛ «حوکمی حکوومەتی» هاتووە و نابێ چیدی باس لەو شتە بکرێ!

ئەوانە هەموو سنووری ئیختیاراتی نیهادە بەناو ئینتخابییەکانی نێو ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهن، کە بەپێی یاسای ڕێژیم و بەپێی عورفی حکوومەتی و بەپێی ڕەوتی دەسەڵاتداریی، هیچ دەرەتان و دەرفەتێک بۆ هیچ ئیرادەیەکی جیاواز لە ئیرادەی وەلیی فەقیهی تێدا ناهێڵنەوە و هەرکاتیش بەپێویستیان زانی، سوپای پاسداران هەڕەشەیەک دەکا تاکوو دەنگە لارەکان ڕاست بکەنەوە و «بەسیرەتیان» بۆ بگێڕنەوە.

جیا لە بێدەسەڵاتیی ئەو نیهادانە، بوونی شووراى نیگەهبان کە لە باتی هەموو نەتەوەکانی ئێران بیر دەکاتەوە و بڕیار دەدا، بازنەیەکی دیکەی بێدەسەڵات کردن و بێنێوەرۆک کردنی نیهادە بەناو ئینتیخابییەکانی ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیهیە.

شووراى نیگەهبان بەپێی یاسای نارەوای کۆماری ئیسلامی، دەسەڵاتی «نەزارەتی ئیستیسوابی» پێدراوە کە دەتوانێ هەم بەسەر ڕەوتی هەڵبژاردندا چاوەدێری بکا و هەم بەربژێرەکان دیاری بکا و هەم براوەی بەناو هەڵبژاردن دیاری بکا و لە ڕاستیدا هەڵبژاردن لە ئێراندا هەڵبژاردنی نوێنەرانی خەڵک نیە، بەڵکوو دیاریکردنی مۆرەکانی جێگاپەسندی ڕێژیمە بۆ نێو ئۆرگانە فۆرمالیتە و ڕواڵەتییەکان.

لە ڕەوتی هەڵبژاردن و پڕوپاگەندەی بەربژێرە جێی پەسندەکانی شووراى نیگابانیشدا، دووبارە دامودەزگا نیزامی، ئەمنیەتی، ئابووری، ڕاگەیاندنی و مینبەری مزگەوتەکانی ژێردەستی ڕێژیم، وەگەڕ دەکەون تاکوو لە نێو بەربژێرەکانیشدا ئەوەیان کە زۆرتر بەدڵی ڕێبەری ڕێژیم و دارودەستە و تاقمەکانی نێو ڕێژیمە، خەڵکیان بۆ کۆبکرێتەوە و دەنگی چەواشەکراوی خەڵک بۆ لای ئەوان بێ. لە کۆتایی دەنگدانیشدا، دووبارە ئەوە شووراى نیگابانە کە دەنگەکان دەژمێرێ و هیچ چاوەدێرییەکی بێلایەن بوونی نیە، تاکوو لانیکەم دەنگەکان بە دروستی بژمێردرێن و ئەوەی بەدڵیان بێ و بە پێویستی بزانن، وەک براوەی شانۆگەرییەکە ڕایدەگەیەنن.

بەم هۆکارانەوە کە پرسی هەڵبژاردن لە ئێراندا هیچ پێوەر و پێوانەیەکی ئازاد و ڕاستەقینە و دێموکراتیک بەخۆیەوە ناگرێ و خەڵکیش باوەڕیان پێی نیە و ڕێژیم لە هەموو بەناو هەڵبژاردنەکانیدا، لەگەڵ قەیرانێک بە ناوی قەیرانی ڕوو وەرگەڕانی خەڵک لە سندووقەکان بەرەوڕوو دەبێ، بۆیە لە هەموو قۆناغەکانی هەڵبژاردندا کە تاکوو ئێستا ٣١ هەڵبژاردنی جۆربەجۆری بەڕێوە بردووە، بەردەوام پیلانی گێڕاوە و پەلەقاژەی کردووە، تاکوو خەڵک لە بەناو هەڵبژاردنەکاندا بەشداری بکەن. پیلانەکانی ڕێژیم بۆ ئەو مەبەستە هەر لە دروستکردنی دەنگۆی جۆربەجۆرەوە کە وا نیشان بدا لەم هەڵبژاردنەدا شتێکی جیاواز دێتە ئاراوە دەست پێ دەکا و تا دەگاتە دروستکردنی جۆرە کێبەرکێیەکی ناواقیعی لە نێو خەڵکدا کە بە گرووپ و چین و توێژ و سەلیقەی جیاوازەوە، وا بزانن نوێنەری ڕاستەقینەی خۆیان دیاری دەکەن و گەر ئەوان نەیکەن، گرووپی ڕەقیب بەشەکەی ئەوان داگیر دەکەن.

ئەمە جیا لەوەیە کە بە هەموو شێوەیەک کە بۆیان بکرێ، بە هاندان و تەماح وەبەرنان و بە هەڕەشە، خەڵک بۆ چوونە سەر سندووق پاڵ پێوەدەنێن.

لەم دەورەیەی بەناو هەڵبژاردنی مەجلیس و مەجلیسی خوبرەگانیشدا، دوای شکستی گەورەیان لە بواری پەروەندەی ناوکیدا، کە لە بەرانبەر ڕۆژئاوادا تەسلیم بوون و چۆکیان دادا، هەم بۆ شاردنەوەی شکستەکەیان و هەم بۆ بازارگەرمیی هەڵبژاردن، هەندێ دەنگۆیان لەنێو خەڵکدا بڵاو کردەوە کە هیچ نیشانێک لە ڕاستیی تێدا نیە، چوونکە لە ئەساسدا هیچ شتێک لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە گۆڕانی بەسەردا نایەت وهیچ دەرەتانێک بۆ بەشداریی ڕاستەقینە و دێموکراتیکی خەڵک لە دیاریکردنی چارنووسی خۆیان و وڵاتدا نیە. بڕیاری چارەنووسساز لە شوێنی دیکە دەدرێ کە گاڵتەی بە نیهادە بەناو ئینتیخابییەکان دێ.

لە کوردستانیشدا، چەندین بەرابەری هەموو ئەو چەواشەکارییانەی ڕێژیم لە شوێنەکانی دیکە دەیکا، بە ئەنجامی دەگەیەنێ و بۆ ڕاکێشانی خەڵک بۆ سەر سندووقەکان لە هیچ پیلانێک درێغی ناکا و لە شارە جۆربەجۆرەکانی کوردستاندا بەربژێری ڕەنگاوڕەنگ دادەنێ تاکوو ڕەقابەتێکی ناواقیعی لە نێو فەزای بیروڕای گشتی لە کوردستاندا دروست بکا و بەداخەوە هەندێ جاریش تێیدا سەردەکەوێ و لە هەموو ئیمکاناتی سپای پاسداران و دەزگای ئیتلاعاتی و کومیتەی ئیمداد و حەراسەتی زانکۆ و ئیدارەکان و هەڕەشەی نانبڕین و ... کەڵک وەردەگرێ، تاکوو خەڵکی کورد لە سەر سندووقەکانی دەنگدان ئامادە بن.

بەڵام ئەوەی جێگای تێڕامانە ئەوەیە کە بە هەموو ئەو باسانەی لە سەر دۆخی نیهادە بەناو ئینتیخابییەکان لە ئێراندا کردمان و بە هەموو ئەزموونی ڕابردووی ڕێژیمەوە، ئایا تاکوو ئێستا هیچ گۆڕانێکی موسبەت بە قازانجی خەڵک کراوە و لە دەستی ئەو بەناو نوێنەرانە لە مەجلیس شتێک هاتۆتە دی، تاکوو خەڵک دڵیان بە بەناو هەڵبژاردنی ئەم جارە خۆش بێ؟.

ڕوون و ئاشکرایە کە شتێک بە ناوی پارلەمان و مەجلیسێک کە نوێنگەی ئیرادەی خەڵک بێ، بوونی نیە وتەنیا شوێنی کۆبوونەوەی ئەندامانی ئۆرگانێکە کە شووراى نیگابان ڕێگەی پێداون تێیدا بەشدار بن و هیچ دەسەڵاتێکیان نیە جگە لە شەرعیەتدان بە دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی.

لە وەها دۆخێکدا گەر تەنانەت موعجیزەیەک ڕوو بدا و تەواوی مەجلیس ببێ بە کەسانی شۆڕشگێر و نیشتمانپەروەر و لە خەمی مافی گەلدا بن، تازە هیچیان پی ناکرێ و هەموو هەوڵ و تەقەلایان بە حوکمێکی حکوومەتی بەفیڕۆ دەدرێ.

بەو باس و بابەتانە و بەو ڕابردوو و ئەزموونانەی کە باس کران، پێمان وایە کە شانۆگەریی ئەم جارەی ڕێژیمیش وەک هەموو شانۆگەرییەکانی، هیچ پێوەر و ڕەنگێکی هەڵبژاردنی دێموکراتیک و ئازادی پێوە دیار نیە و ئاکامەکەشی هەرچی بێ، بەقازانجی خەڵک تەواو نابێ و هیچ دەرفەت و دەرەتانێک بۆ گۆڕانکارییەک بە قازانجی گەلی تێدا نابێ و نایەتە دی. بۆیە هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەش بە ناڕەوا و نادروست دەزانین و بایکۆتی دەکەین.

داوا لە خەڵکی وشیار و مافخوازی ئێران و بەتایبەت نەتەوەی ئازادیخوازی کورد دەکەین کە لە پرۆسەی هەڵبژاردنی نائازاد و نادێموکراتیکی کۆماری ئیسلامیدا بەشدار نەبن و لە ڕۆژی دەنگداندا لە سەرسندووقەکان ئامادە نەبن و لە باتی دەنگدان لە وەها پرۆسەیەکدا، لە ماڵەکانی خۆیان بمێننەوە.

داوا لە هەموو تێکۆشەرانی گەلەکەمان و هەموو ئازادیخوازان و هەموو تێکۆشەرانی دێموکرات دەکەین کە بە هەر شێوەیەک کە بۆیان دەکرێ و بە هەموو تواناوە بۆ ئیفشا کردنی پیلانەکانی ڕێژیم و بۆ پاشگەزکردنەوەی ئەوانەی خۆیان کاندید کردووە و هەروەها بۆ هاندانی خەڵک بۆ نەچوونە سەر سندووقەکان کار بکەن و هەوڵ بدەن، تاکوو بۆ جارێکی دیکەش بەم ڕێژیمە بڵێینەوە کە پیلان و شانۆگەرییەکانیان بۆ خەڵک بەتاڵ و بێمانا بوونەتەوە.

بڕووخێ ڕێژیمی دژی ئازادیی کۆماری ئیسلامی
سەرکەوتن بۆ گەلانی ئازادیخوازی ئێران

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەفتەری سیاسی
٢٠ی بەفرانباری ١٣٩٤
١٠ی ژانویەی ٢٠١٦




## ڕۆژەڤ

### توندئاژۆکان، ڕێگای چاکسازیی ئابووری دەبەستن.

ئارام

دوای لابردنی گەمارۆکانی سەر ڕژیمی ئێران لەم حەوتوویەدا، کە بە دوای ئەنجامدانی پێملیبەکانی ڕێژیمی ئێران لە بواری ڕێککەوتنی ئەتۆمی وەدەست هات، ڕووحانیی سەرکۆماری ئێران ڕایگەیاند کە بە لاچوونی گەمارۆکان و ئازادبوونی داراییەکانی ڕێژیم، بەرنامەی کەمکردنەوەی بەسراوەیی بە فرۆشتنی نەوت و هەروەها چاکسازیی ئابووریان لە دەستدایە، بەڵام بە پێی شیکاریی سیاسی لە سەر بنەمای تیۆریی کایە، چاکسازیی ئابووری لە دەورانی دەوڵەتی ڕووحانیدا ئیمکانی نیە.

ڕۆژنامەی گاردیەن بابەتێکی شیکاریی سەبارەت بە دۆخی ئابووریی ئێران و بالانسی هێزی نێو ڕێژیم بڵاو کردۆتەوە کە تێیدا نووسەری بابەت لە سەر بنەمای تیۆریی کایە، شیکارییەکی وردی لە سەر خاڵە بەهێز و لاوازەکانی ئابووری لە ئێراندا و گرووپە دەسترۆیشتووەکان لەو بارەوە و بەرژەوەندییەکانیان و هەروەها ئەکتەرە دەرەکیی و فاکتۆرە ناوچەییەکان کردووە و بەو ئاکامە گەیشتووە کە ڕیفۆرم و چاکسازی لە ئابووریی ئێراندا ئیمکانی نیە.

نووسەر دەڵێ کە دوای ڕێککەوتنی ناوکی، ئازادکرانی نیزیک بە ١٠٠ میلیارد دۆلار لە سەرمایەی ئێران کە لە دەرەوە بلۆکە کرابوو، نیشانەیەک لە گەشەکردنی ساتوسەودای بازار دەردەکەوێ، بەڵام ڕێگای گەشەکردنی ئابووری هەروا دژوار و پڕ کەندوکۆسپ دەمێنێتەوە. ئابووریی ئێران کە بە ئابوورییەکی گەندەڵ و ناشەفاف ناسراوە و لە نێو ١٧٥ وڵاتدا پێگەی ١٣٦ی لە بواری شەفافیدا هەیە، هەروا گەندەڵ دەمێنێتەوە. نووسەر لە درێژەدا دەڵێ کە؛ هەرچەند هەندێک کەس باس لەوە دەکەن کە هۆتێلەکانی تاران پڕ بوون لە بازرگانی بیانی و ئەمە نیشانەی گەشەی خێرای ئابوورییە، بەڵام پڕ بوونی چەند هۆتێلێک لە بەرانبەر حەشیمەتی ٧٥ میلیۆنیی ئێراندا هیچ نیە. ڕاپۆرتە شیکارییەکە دەڵێ کە؛ نیشانەکانی چاکسازیی ئابووری زۆر کز ولاوازن و بەپێی فاکتۆرە کاریگەرەکان لە نێو ئێراندا و کەڵک وەرگرتن لە تیۆریی کایە، بۆمان دەسەلمێ کە نەک ئابووریی ئێران بەرەو گۆڕان ناڕوا، بەڵکوو بەپێچەوانە، ئەو چاکسازییە ڕووکەشیەش کە لە پێشوودا هەبوو، نامێنێ.

نووسەر دەڵی کە؛ ئێمە دەتوانین بۆ ڕوونبوونەوەی دوورەدیمەنی ئابووری، چوار فاکتۆری گرینگ کە کاریگەرییان لە سەر سیاسەتی ڕووحانی و ئابووریی ئێران هەیە هەڵسەنگێنین. ئەو چوار فاکتۆرە بریتین لە : دۆخی ئەمنیەتیی سەر خەڵک، ئیدیۆلۆژی، وێنەی ناوچەیی و ویستی چاکسازیی ئابووری. فاکتۆرە نێوخۆییەکان بە سەر چوار لایەندا دابەش بوون: توندئاژۆکان، میانەڕەوەکان، بازرگانانی بازار و خامنەیی. هەروەها بازیگەرە دەرەکیەکانی وەکوو ڕووسیە و چین و یەکیەتیی ئورووپا و ئەمریکا کاریگەرییان لە سەر حیسابی چاکسازیی ئابووری هەیە.نووسەر لە درێژەدا بە وردی باسی هەموو فاکتۆرە نێوخۆیی و ناوچەیی و دەرەکیەکان دەکا و بە کۆی هەموو ئەو هەڵسەنگاندن و لێکدانەوانە، بەو ئاکامە دەگا کە فاکتۆری توندئاژۆیی و گەندەڵی و ناشەفافی لە ئابووریی ئێراندا بەهێزترە و ئیمکانی چاکسازیی ئابووری زۆر لاوازە.

سەرچاوە: The Guardian

# ڕوونکردنەوەیەک سەبارەت بە ڕەوتی یەکگرتنەوە

جیابوونەوەی ژمارەیەک لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی، کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزب لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات، لە ڕێکەوتی ١٣٨٥/٩/١٥ی هەتاوی(٢٠٠٦/١٢/٦) و بەدوای کۆنگرەیەکی «یاسایی و شەرعی و دێموکراتیک»(*) و دانانی ناوی حیزبی دێموکرات لەسەر خۆیان بە ناڕەوا، کە دووپات کردنەوەی هەڵەی دوو جیابوونەوەی پێشتر لە حیزبی دێموکرات بوو، زەربەیەکی قورسی لە پەیکەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک سەرەکیترین حیزبی ئۆپۆزیسیونی کوردی ئێران دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وەشاند. ئەو زەربەیە تەنیا لەو ڕوانگەوە نەبوو کە کەسانێک ڕیزی ئەو حیزبەیان بەجێهێشت، بەڵکوو زۆرتر زەربەیەک بوو کە خەڵکی ئەو بەشەی کوردستانی تاساند، وورەی دابەزاندن، بەرەو بێهیوایی بردن و ڕیزی یەکگرتوویی ئەوانی لەبەریەک ترازاند. لەوەش بەولاتر کۆماری ئیسلامی و نەیارانی حیزبی دێموکراتی شاد کرد و وورەی پێ بەخشین بۆ ئەوەی بتوانن ڕاشکاوانەتر دژی حیزب پروپاگاندە وەرێ بخەن و بە خەیاڵی خۆیان فاتێحای مەرگی حیزب بە گوێی خەڵکی دڵشکاو و تووڕەی کوردستاندا بخوێنن.

ئێمە کە ئێش و ئازاری دوو جیابوونەوەی دیکەی ئەو حیزبەمان بە دوای هاتنەسەر حوکمی کوماری ئیسلامی ئێران بە جەستەی حیزبەوە هەست دەکرد و شارەزای خەساری بەربڵاوی ئەو جیابوونەوانە بووین، هەوڵی زۆرمان دا کە ئەگەر نەمانتوانیوە بەر بە جیابوونەوە بگرین، هەموو تێکۆشانی خۆمان بۆ یەکگرتنەوە دوای جیابوونەوە تەرخان بکەین. لەو ئەرکەدا ژمارەیەکی زۆریش لە هاونیشتمانانی دڵسۆز، هێز و لایەنە سیاسییە کورد و غەیرە کوردییەکان یارمەتیدەر و هاندەرمان بوون.

ئاکامی ئەو هەوڵ و تێکۆشانە بوو بە هۆی ئەوەی کە بەرەبەرە و دوای نیشتنەوەی کەف وکوڵەکانی سەرەتای جیابوونەوە لە هەردووک لا، هەنگاو هەڵگیرێ بۆ ئاسایی کردنەوەی پێوەندییەکانی نێوانیان و دوای ماوەیەک و لە ئاکامی بڕیارێکی ڕێبەرایەتی حیزب کە دوایە لە کۆنگرەی پازدەهەمی حیزب ( ١٤٨ی ڕەزبەری ١٣٩١ی هەتاوی بەرانبەر بە ٢٩ی سێپتامبر تا ٥ی ئۆکتۆبری٢٠١٢) پەسند کرا، کۆمیتەی ناوەندی ڕاسپێردرا کە ئەو ڕەوتە بە مەبەستی «ئاسایی کردنەوەی پێوەندییەکان، وتوویژ کردن و لە ئەنجامدا یەکگرتنەوە» درێژە بدا.

ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکرات بە دوای ئەو ڕاسپاردانەدا، بەشێکی بەرچاوی هێز و توانای خۆی تەرخان کرد بۆ بەرەوپێش بردنی ئەم پلانە و لەو چوارچێوەیەدا بۆ نیشاندانی نییەت پاکی، بۆ یەکەمجار هەیئەتێکی ڕێبەرایەتی حیزب بەسەرۆکایەتی سکرتێری گشتی چوونە بنکەی دەفتەری سیاسی هاوڕێیانی پێشوو و لێیان میوان بوون و بەدوای ئەو چاوپێکەوتنەدا بە دەیان پێوەندی دوو کەسیی نێوان سکرتێرەکان، دەفتەری سیاسی و هەیئەتەکانی ڕێبەرایەتیی هەر دووک لا پێکهاتن و لەسەر گرنگیی پرسەکە و میکانیزمی یەکگرتنەوە قسە و باسیان کرد.

سەرەڕای ئەوەی هاوڕێیانی لایەنی بەرامبەر لەو کۆبوونەوانەدا زۆرتر بە مەبەستی پرۆپاگاندە و نیشاندانی ئاشتیخوازیی خۆیان بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، کە بە تامەزرۆییەوە چاوەڕوانی بیستنی خەبەری خۆشی یەکگرتنەوەیان دەکرد، بەو حاڵەش ئێمە دڵسارد نەبووینەوە لە درێژەدانی ئەو ڕەوتە و وتوویژ کردن لەگەڵیان، تەنانەت لەو پێوەندییەدا دووجار هەیئەتەکان بە تەوافوق گەیشتن کە تا ئەو کاتەی بە کۆمەڵێک خاڵی هاوبەش نەگەین، خەبەری دانیشتنەکان بڵاو نەکەینەوە، بەڵام ئەوان هەر دوای کۆبوونەوەکە خەبەرەکانیان بە مەبەستێک کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا، بڵاو دەکردەوە.

وردەکارییەکانی کۆبوونەوەکانی ئەو ماوەیە زۆرن و جێگای باس کردنیان لێرەدا نیە، بەڵام لەم کاتەدا کە زیاتر لە ٩ ساڵ بەسەر ئەو جیابوونەوە و هەوڵدان بۆ یەکگرتنەوە تێدەپەڕێ، بە پێویستمان زانی چەند خاڵێک لە ڕاستییەکانی ئەو کۆبوونەوانە و تێکۆشانی ڕاستگۆیانەی خۆمان بۆ یەکگرتنەوەیەکی ڕاستەقینە کە هەردووک لا تێیدا هەست بە شانازیی و براوەیی بکەن و پێکەوە جارێکی دیکە بە بێ لەبەرچاوگرتنی ڕقەبەری، هەستی تۆڵەکردنەوە و شکاندنی یەکتر، بنچینەی حیزبی دێموکراتێکی بەهێزتر، کە ویستی هەموو دڵسۆزانی دێموکراتە دابڕێژینەوە. بۆ ئەوەی بتوانین لە ئەگەری ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی ناوچە و ئێراندا، دەسکەوتێکی سیاسی بۆ خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێران دەستەبەر بکەین.

بەدوای چەند مانگ ڕاوەستانی چاوپێکەوتنی هەیئەتەکان، لە سەرەتای ساڵی ١٣٩٤ی هەتاوی (٢٠١٥ی زایینی)، دانیشتنی دەفتەری سیاسییەکان بە ئامادەبوونی هەر دووک سکرتێر لە ڕێکەوتی ١٣٩٤/٧/٥ی هەتاوی لە شوێنی دەفتەری سیاسیی هاوڕێیان پێکهات.

لەو دانیشتنەدا دەفتەری سیاسی ئێمە بە کۆمەڵێک خاڵ و پێشنیاری نوێ لە کۆبوونەوەکەدا بەشدار بوو کە پێشتر جێگای داخواز و پرسیاری لایەنی بەرامبەر بوون. لەو کۆبوونەوەیەدا دوای ئەوە جارێکی دیکە ئەو خاڵە پەسند کرایەوە کە یەکگرتنەوە لە ژێر ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بێ، هەیئەتی حیزب موافقەتی خۆی لەسەر ئەو خاڵانەی خوارەوە ڕاگەیاند:

ـ یەکگرتنەوە پێش کۆنگرەی شازدە جێبەجێ دەکرێ و، تا کاتی پێکهاتنی کۆنگرە هەیئەتێکی هاوبەش لە ڕێبەرایەتی(دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی) بە تەوافوق، ئیدارە و بەڕێوەبەری حیزب وەئەستۆ دەگرن، تەنانەت بەدوای ئەو دانیشتنە و بە مەبەستی پێکهاتنی متمانەی زیاتر لە نێوان ئەو دوو لایەنەدا، دەفتەری سیاسیی ئێمە موافقەتی کرد کە بەڕێز کاک خالید عەزیزی وەک جێگری سکرتێری حیزب لەو ماوەیەدا ئەرکەکانی بەڕێوە بەرێت.

ـ بۆ ڕەواندنەوەی نیگەرانیی ئەوان و بۆ قایمکاریی دواڕۆژ، هەیئەتی حیزب موافقەتی کرد کە ڕێژەی ئەندامانی ڕێبەرایەتی حیزب لە کۆنگرەی شازدەدا، بە پێی لیستەیەکی فیکس و بە تەوافوقی هەر دووک لا دیاری بکرێت، بۆ ئەوەی هیچ لایەنێک بۆی نەکرێ لایەنی دیکە حەزف بکات یان ڕێژەی ئەندامانی ڕێبەرایەتییەکەی بەڕادەیەکی زۆر دابەزێنێ. ڕێژەی ئەندامانی ڕێبەرایەتیی هەر دووک لا بە پێی ڕێژەی ئەندامانی ڕێبەرایەتی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی سێزدە دەبێ کە هەر دووک لا شەرعیەتەکەیان پەسند کردبوو، یان بەڕێژەی ئەندامانی ڕێبەرایەتیی هەر دووک لایەن، دوای ڕوودانی جیابوونە و تەنانەت ئامادەیی نیشاندرا کە لەسەر ئەو ڕێژەیەش گفتوگۆ بکرێ.

ـ ئێمە موافقەتمان کرد کە بۆ ئەوەی خاڵەکانی پێڕەوی ناوخۆ و ئاییننامەی کۆمیتەی ناوەندی نەبنە کۆسپ لەسەر ڕێگای یەکگرتنەوەیەکی دڵخوازی هەر دووک لا، هەموو کارەکانی حیزب(لە ئیدارەی حیزبەوە تا کاروبەرنامەکانی کۆنگرە و پێداچوونەوە و ئامادە کردنی ئاییننامەی کۆمیتەی ناوەندی) بە تەوافوقی هەر دووک لا بەڕێوە بچێ.

ـ سەبارەت بە بەفەرمی ناسینی ئەو ناوەی کە دوای جیابوونەوە لەسەر خۆیان داناوە، سەرەڕای ئەوەی ئەو کارە لەگەڵ هیچ ئوسوولێکی کاری حیزبایەتی ناگونجێ، بەو حاڵەش و بۆ نیشاندانی نییەتپاکی، هەیئەتی حیزب قبووڵی کرد کە بەیاننامەی یەکگرتنەوەی حیزب بەشێوەیەک ئامادە بکرێ کە ناوەڕۆکەکەی هەڵگری ئەو مەبەستە بێ.

ـ خاڵێکی دیکە کە لەو کۆبوونەوەیەدا هەیئەتی حیزب موافقەتی خۆی لەسەر دەربڕی، ڕاگەیاندنی بەفەرمی ناسینی مێژووی تێکۆشانی ئەو هاوڕێیانە دوای جیابوونەوەکەیان بوو. ئەو خاڵە وەک داخوازییەکی ئەوان زۆرجار لە کۆبوونەوەکانی هاوبەشدا دەیانهێنایە گۆڕێ.

دیارە ئەوانەی باس کران وەک خاڵە سەرەکییەکانی ڕەوتی یەکگرتنەوە دەبێ، بەڵام بێجگە لەوانە چەندین خاڵی دیکە لە وردەکاریی کارەکان بە تەوافوق حەل دەکرێ و نابنە کۆسپ.

تەوافوقی هەیئەتی حیزب لەسەر ئەو خاڵانە، بوون بەهۆی خۆشحاڵیی زۆربەی ئەندامانی دەفتەری سیاسی لەو دانیشتنەدا، لە ڕاگەیاندنەکانی ئاکامی ئەو کۆبوونەوەیش کە دوای تەواو بوونی کۆبوونەوە لە لایەن سکرتێرەکانی هەر دووک لا بەڕێوە چوو، بە گەشبینی تەواوەوە قسە کرا و هیواداری درا بۆ درێژەدان و بە ئاکام گەیاندنی ئەو ڕەوتە. بەڵام بەداخەوە دوای مەشوەرەت کردنی دەفتەری سیاسی هاوڕێیانی پێشوو لەگەڵ کۆمیتەی ناوەندییەکەیان، جارێکی دیکە کۆمەڵێک بەهانە و کۆسپ خرانە سەر ڕێگای گەیشتن بە مەبەست، کە یەکگرتنەوەکەیە.

ئێمە بەو حاڵەشەوە لە درێژەدانی ئەو ڕێگایە بێهیوا نەبووین و لەگەڵ هەموو ئەو کۆسپانەش کە دێتە سەر ڕێگامان، گرنگیی چارەسەر کردن و نەهێشتنی ئەو کۆسپە لەسەر ڕێگای خەباتمان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بە ئەرکی سەرەکیی خۆمان دەزانین و لە هەوڵەکانمان بەردەوام دەبین.

هەرچەند لەوانەیە لە ڕەوتی هەوڵەکانی ئەو ماوەیەمان هێندێک خاڵی لاوەکی و بەهەڵە تێگەیشتن هاتبێتە پێش، کە ئەوەش شتی ناسروشتی نین لە ڕەوتی وتووێژی دوولایەندا، بەڵام گرنگ ئیرادە بۆ دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو و گەیشتن بە ئامانجە لە ڕاستای بەرژەوەندیی نەتەوەییدا.

بەڵام لایەنی دیکە سەرەڕای وەرێ خستنی پڕوپاگاندە بۆ یەکگرتنەوە، هەر لە ڕۆژی دوای ڕاگەیاندنی جیابونەوە، دیارە نیگەرانیی و دڵەڕاوکێی لە یەکگرتنەوە هەیە. بۆیە تەنانەت ئەو کاتەی کە پێشنیار و داخوازییەکەیان پەسند دەکرێ، داخوازێکی دیکە دێننەگۆڕێ، ئەوەش ئاکامەکەی تا ئێستا ئەوە بووە کە لە لایەک لە تەبلیغات و ڕاگەیاندنەکاندا خۆیان بە لایەنگری ئاشتی و یەکگرتنەوە دەربخەن و لە لایەکی دیکەوە هەوڵ دەدەن یەکگرتنەوە بەکردەوە سەر نەگرێ. ئەم شێوە هەڵسووکەوتەش ئەو گومانە بەهێز دەکا ئەو ئیرادەیەی کە لە پێناو بەرژەوەندیی گرووپی، ڕقەبەری و پاراستنی دەسەڵات بە هەموو نرخێک، حیزبی دێموکراتی »لەت» کرد، ئێستاش لە یەکگرتنەوە نیگەرانە و دەتوانێ هەوڵ و تێکۆشانەکان لەو پێوەندییەدا لەباربەرێ.

بۆیە هەلومەرجەکە وا دەخوازێ کە هەموو ئەو کادر و پێشمەرگە و ئەندامانەی باوەڕیان بە یەکگرتوویی و یەکریزی لە خەباتی کوردی ڕۆژهەڵاتدا هەیە، هەروەها ئەو بۆچوونەیان هەیە کە پێشمەرگایەتی لە حیزبێکی دێموکراتی بەهێزدا زۆرتر جێگای شانازییە تا بوون بە ئەندامی ڕێبەرایەتی لە حیزبێکی بچووکتردا، پێویست دەکا بە ئاوڕدانەوە لە وەزعی ڕابردووی زیاتر لە ٩ ساڵی حیزبی دێموکرات و داهاتووی جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات لە ڕەوتی ئاڵوگۆڕەکاندا، لەپێناو چارەسەری ئەم گرفتە هەوڵی جیدیتر بدەن.

لە کۆتاییدا بە پێویستی دەزانین سوپاسی خۆمان پێشکەشی ئەو ژمارەیە لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی، کادر و پێشمەرگە و لایەنگرانی لایەنی جیابووەوە بکەین کە لە ڕەوتی ئەم وتوویژانەدا و لە پێناو یەکگرتنەوەدا هەوڵێکی زۆریان داوە و هیواداریین ئەو هەوڵانە هەروا بەردەوام بن.

لە بیرمانبێ کە جیابوونەوە و دابڕاندنەکان زۆر ئاسانترن لە یەکگرتنەوە و یەکڕیزی پێکهێنان، بەڵام بەهێز و ماندوو بوونی یەکگرتوویی‌خوازان ئەو برینە چارەسەر دەکرێت.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
سکرتاریا
١٥ ی بەفرانباری ١٣٩٤ی هەتاوی

(*)هەمووکارەکانی ئەو کۆنگرەیە( کۆنگرەی ١٣) بە پێی بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆ لە هەلومەرجێکدا ئامادە کرا کە لایەنی جیابووە لە ڕێبەرایەتی حیزبدا لایەنی زۆرینە بوو، کاری کۆنفرانسەکان بە مەبەستی دیاری کردنی نوێنەرانی کۆنگرە، ئامادە کردنی ڕاپۆرتی کۆنگرە و باقی کارەکان لە ژێر چاوەدێری و کاری لایەنی جیابووەوە بەڕێوە چوو. هەموو ئەندامانی کۆنگرە دەنگیان بە شەرعی بوونی کۆنگرە دا، ڕاپۆرتی سیاسیی کومیتەی ناوەندیی دوای باس لەسەر کردن پەسند کرد.



هاشم ئەحمەدزادە:

# کەسایەتیی قازی محەممەد نموونەیەکی بەرچاوە لە دیالێکتیکی گۆڕانی کۆمەڵایەتی

هەڤپەیڤین: غالب حەبیبی

**کۆماری کوردستان، وەك ڕێنسانسێکی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی لە ئێران و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین، بڕگەیەکی گرینگی مێژووی گەلی کورد هەژمار دەکرێت کە دەتوانێ لەپاش ٧٠ ساڵ ببێتە سەرباشقەی هزری، سیاسی، کارگێڕیی و کۆمەڵایەتی و هەروەها «مۆپۆل»ێك لە دووردیمەنی مافی چارەی خۆ نووسینی نەتەوەی کوردستان.**

**لە ماوەی ڕابردوودا ماڵپەڕی «رادیو فردا» زنجیرە بەرنامەیەکی بەناو «فرقە» لە ٧٠ ساڵەی پێکهاتنی «حکوومەتی میللی ئازەربایجان» بڵاو کردەوە کە لەپاڵ ئەوەدا کەسانی مێژوونووس و شرۆڤەکاری کورد و غەیری کورد، باسیان لە زۆر لایەنی کۆماریش کرد کە بە بیانووی ئەو ڕوانگانە، ڕۆژنامەی «کوردستان» وتووێژێکی لەگەڵ دوکتور هاشم ئەحمەدزادە، لێکۆڵەر و شارەزای مێژوو و سیاسەت پێکهێناوە کە دەقی ئەم وتووێژە لە خوارەوە هاتووە:**

**کوردستان: کە باس دێتە سەر دامەزرانی کۆماری کوردستان، ڕۆڵی یەکیەتیی سۆڤیەت و سیاسەتەکانی دەوڵەتی ناوەندیی ئێران، لە پێوەندی لەگەڵ دروست بوونی ئەو کیانە سیاسییە زەق دەکرێنەوە. ئایا نەتەوەگەرایی لەو بەشەی کوردستان و ناوچەی موکریان کاردانەوە بووە بەو کارکردە دەرەکیانە؟**

**هاشم ئەحمەدزادە:** هەلومەرجی ساڵانی شەڕی دووهەمی جیهانی، کارتێکەریی لەسەر زۆر بواری ناوچەیی و نێونەتەوەیی لە هەموو جیهاندا هەبوو. ئێران وەك وڵاتێکی دراوسێی یەکیەتیی سۆڤیەتی پێشوو، لەو کارتێکەرییە بێبەری نەبوو و بە هۆی سیاسەتی دەرەوەی ئەم وڵاتە کە لە سەرەتادا مەیلی هاوکاریی لەگەڵ نازییەکانی هەبوو، ئاستی ئەم کارتێکەرییە هەر زۆر بەرچاو بوو. ساڵانی شەڕی جیهانیی دووهەم لە ئاستی جیهانیی و گوتاری باوی سیاسیی و هزری، بە ساڵانی شەڕی بەرەی ئازادی و یەکسانی لەدژی بەرەی چەوسانەوە و داگیرکاری دەژمێردران. هەرچەند لە هێندێك شوێندا جۆرێك لە هۆگری بۆ سیاسەتی نازییەکان وەبەرچاو دەکەوت و بەتایبەت لە وڵاتێکی وەك ئێراندا، هەستی ئەفسانەی ئارییایی و دژە یەهوودی تا ڕادەیەك، وەلەو کەمیش بێ، بەرەوەی هەبوو، هەتا شەڕەکە لە کۆتایی نزیکتر دەبۆوە، ژمارەی لایەنگرانی بەرەی سۆسیالیزم و ئازادی زیاتر گەشەی دەکرد و پەرەی دەستاند. بزووتنەوەی کوردستانیش لەناو بازنەی ئەم یاسا گشتییەدا جێی دەگرت. بەڵام خاڵێکی گرنگ لە لێکدانەوەی هەر بزووتنەوەیەك و هەر دیاردەیەك بریتییە لە وردبوونەوە و دۆزینەوەی کارکرد و میکانیزمی نێوخۆیی و بڕیاردەری ئەم بزووتنەوە یان دیاردەیە. بە واتایەکی دیکە سەرهەڵدان و گەشەی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەرلەوەی کە هۆکار و هەوێنی گەشە و پێگەیشتنی خۆی لە ئامادەیی هێزەکانی سۆڤیەتی پێشوو لە بەشێك لە جۆغرافیای کوردستان وەربگرێت، لە هەناوی خۆیدا هەڵگری کۆمەڵێك تۆوی ئەوتۆ بوو کە لە چوارچێوەی خۆیدا بەدوای گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ناسنامەییدا بگەڕێت. ئەم ڕەوتە لە ڕاستیدا هەر لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە بەرەبەرە دەستی پێکردبوو و جۆغرافیای ئیمپراتۆرییەکان وردەوردە جێیان پێ لێژ دەبوو و شنەبای گۆڕانکارییە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان تۆفانی شۆڕشی لە ئیمپراتۆرییەکاندا هەڵدەکرد. ئەوە هەر بە هەڵکەوت نییە کە هەر لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە لە ڕووسیە، ئێران و تورکیەدا، شۆڕشەکانی ١٩٠٥ی ڕووسیە، ١٩٠٦ـ١٩١١ی ئێران و ١٩٠٨ی تورکیەی عوسمانی، دەبنە ڕووداوگەلی سەرەکیی دەستپێکی سەدەی تازە. هەموو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەم ئیمپراتۆرییانە پێویستییان بە قابیلەی شۆڕش بوو کە نەزمی نوێیان لێ لەدایك بێت. ناوچە کوردییەکانی دوو ئیمپراتۆریی قاجار و عوسمانییش لەو تایبەتمەندییانە بێبەری نەبوون. سەرەڕای جیاوازییەکانی ئەو دوو ئیمپراتۆرییە، بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانیان کارتێکەرییان لەسەر یەکتر هەبوو. نەزمی داسەپاوی دوای شەڕی یەکەمی جیهانی نەبووە هۆی دامەزراندنی سیستمگەلی دێموکراتیکی ئەوتۆ کە تێیدا کوردەکان وەك پێکهاتەیەکی گرنگی ئەم ناوچەیە بە هێندێك لە مافەکانی خۆیان بگەن. بەمجۆرە بەردەوامیی هەوڵی وەدیهێنانی ویستە نەتەوەیی و دێموکراتیکەکان گەیشتە سەردەمی شەڕی دووهەمیش، شەڕێك کە مەبەستی بوو بۆ جارێکی تر جیهان لەنێوان دەسەڵاتە بەرچاوەکاندا دابەش بکاتەوە. بێگومان ئەم سیاسەتە بەربڵاوە جیهانییە لەسەر هەموو پێکهاتە جۆغرافیایی و نەتەوەییەکان کاریگەریی دەبێت. کارتێکەریی ئەم گوتارە جیهانییە لەسەر چلۆنایەتیی گەشە و پشکوتنی چرۆکانی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر لە چوارچێوەی ئەم میکانیزمە گشتییەدایە. بە واتایەکی تر زەمینەی لەباری تێکۆشان بۆ وەدیهاتنی مافە فەرهەنگی، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی بزووتنەوەی کورد لە دەرفەتی ڕەخساو کەڵکی پێویست وەردەگرێت و خۆی زیاتر دەردەخات و پێش دەکەوێت. گوتنی ئەوەی کە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد تەنیا «کاردانەوە» بووە، هەموو ڕاستییەکان دەرنابڕێت.

**کوردستان: زاراوەی «کۆمار» تا چەند گرێدراوی خواستی نەتەوەیی کورد لەو سەردەمە بۆ سەربەخۆیی بووە؟ یان تەنیا لێکدانەوەی ڕێبەرانی کۆمار بۆ جیاوازییان لە حکوومەتی میللی ئازەربایجان دێتە هەژمار؟**

**هاشم ئەحمەدزادە:** ڕاستییەکەی ئەوەیە، تا ئەو جێگایەی من دەزانم، زاراوەی «کۆمار» لە سەردەمی دامەزراندنی «دەوڵەتی جمهوریی کوردستان»دا باو نەبووە و دواتر هاتووەتە ئاراوە. نەبوونی خودی ئەم زاراوەیەش هیچ لە ڕاستیی تایبەتمەندیی ویستی کوردەکان بۆ ئازادی و سەربەخۆیی ناگۆڕێت. لێکۆڵینەوەی بوارە کۆمەڵایەتی، سیاسی و فەرهەنگییەکانی سەردەمی دامەزراندنی کۆماری کوردستان، ناوێك کە دواتر جێگای خۆی تەواو لە زەین و گوتاری کوردیدا دەکاتەوە، دەری‌دەخات کە ویستی سەربەخۆیی، بەدەر لە شێوە و ڕواڵەتەکەی، لە ئەجێندای سەرەکیی بزووتنەوەی کورددا، جێگایەکی سەرەکی و بڕیاردەری هەبووە. ئەگەرچی لە بەر زۆر هۆکاری فەرهەنگی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و هاوکێشیی هێز و دەسەڵات لە ئاستی ناوچەیی و نێوخۆییدا ، هێندێك گۆڕانکاریی لە بەرنامەی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورددا پێکهات، بەڵام کاکڵ و جەوهەری ئازادی و سەربەستی‌خوازانەی بزووتنەوەکە هەر وەك خۆی مایەوە و بوو بە خاڵێکی بەرچاو لە مێژووی بزووتنەوەی نەتەوەیی و دێموکراتیکی کوردی‌دا.

**کوردستان: لێکدانەوەتان بۆ کەسایەتیی قازی محەممەد کە لەو سەردەمەدا دەستی دابووە هەنگاوی نۆرمشکێنی، وەك خوێندنی کچان و هاوڕێیەتی توێژی ڕووناکبیر چۆنە؟**

**هاشم ئەحمەدزادە:** کەسایەتیی قازی محەممەد نموونەیەکی بەرچاوە لە دیالێکتیکی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و ڕۆڵی تاك و کەسایەتی لەم گۆڕانەدا. ئەگەر بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەردەمی شەڕی دووهەمی جیهانیدا، دەرەنجامی گۆڕانکارییە نێوخۆیی و ناوچەیی و جیهانییەکان بوو، ناتوانێت وەك هەر بزووتنەوەیەکی تر لە کارتێکەریی ڕێبەرایەتییەکەی بێبەری بێت. ڕەنگدانەوەی لایەنە جۆراجۆرەکانی کەسایەتیی قازی محەممەد لە گوتاری سیاسی و کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگی سەردەمی خۆی و دواتریش و تەنانەت لە ئێستاشدا و دوای حەفتا ساڵ تێپەڕبوون لە دامەزراندنی کۆمار، نیشان دەدات کە ئەو خاوەنی چ ئاستێك لە کەسایەتیی کاریزمایی و باوەڕپێکراو بووە. لە هەموو دەور و زەمەنێکدا هەلومەرجێکی بەرهەست، دەبن بە هۆکاری سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی دیاریکراو کە دواتر بزووتنەوەکە چلۆنایەتی و تایبەتمەندییەکانی خۆی لە تایبەتمەندیی و کەسایەتیی ڕێبەرییەکەیدا دەبینێتەوە. بۆیە هەڵە نییە ئەگەر بڵێین بوونی قازی محەممەد لە ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی نەتەوەیی و دێموکراتیکی کورد لە بەراییەکانی دەیەی چلی سەدەی ڕابردوودا، ئاوێنەیەکی باڵانوێنە لە هەموو تایبەتمەندییەکانی کۆمار. لایەنێکی سەرنجڕاکێشی ڕێبەرایەتیی قازی محەممەد و کەسایەتییە کاریزماییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ شێوەی هەڵسوکەوتی ئەو دوای ڕووخانی کۆمار. لەڕاستیدا مەرگی پڕ لە شانازیی ئەو ڕێبەرە کوردە بوو بە وانەیەکی گەورە بۆ بەردەوامیی داکۆکیی نەتەوەپارێزانی کورد لە ویستی سەربەستی و ڕزگاریی نەتەوەکەیان. ڕەنگە زێدەڕۆیی نەبێت کە ئەگەر بڵێین هەر جۆرە چارەنووسێکی تری قازی محەممەد، جیاواز لەوەی کە ڕوویدا، ڕەوتی ڕووداوەکانی سەردەمی کۆمار و قۆناغەکانی دواتریشی بە ئاقارێکی دیکەدا دەبرد.

**کوردستان: لە ١١مانگەی دەسەڵاتی کۆماری کوردستان، ئەو شتەی کە بە مافی هاوڵاتییان پێناسە دەکرێت بە باشی دەپارێزرێت. دیسکۆرسی کۆمار و مەبەستی ڕێبەرانی لە نەتەوەگەرایی (ناسیۆنالیزم) لە چ ڕوانگەیەکەوە بووە؟**

**هاشم ئەحمەدزادە:** خوێندنەوەیەکی ئەمڕۆییانەی بزووتنەوەی کورد لە سەردەمانی کورتی دەسەڵاتی کۆمار، دەریدەخات کە سەرەڕای زۆر کەموکووڕیی لە پێکهاتە و گوتاری ئەو سەردەمەیدا، ئاستێکی سەرنجڕاکیش لە بوێری و بەرپرسیاری و پلان و بەرنامە بۆ خەملاندنی دەستکەوتەکانی کورد لە ئارادا بووە. خوێندنی کوردی و دامەزراندنی ڕادیۆ و گۆڤار و ڕۆژنامە و بەشداری پێکردنی کوردەکانی دەرەوەی سنووورە ناسراوەکانی دەوڵەت ـ نەتەوەکان لە بەڕێوەبەریی و پاراستنی کۆماردا، ئەو خاڵە بەهێزانەن کە گوزارە لە باوەڕ بە مافی هاووڵاتیان و وەدیهێنانی مافەکانیان دەکات. هەڵسوکەوتی بەڕێوەبەرانی کۆمار لەگەڵ دانیشتوانی غەیرە کوردی جۆغرافیای کۆمار و دراوسێ ئازەرییەکانیشی هەر بەمجۆرە گوزارەیە لە ئاستی جێی ڕێزی بۆچوون و باوەڕی دێموکراتیکی ئەم پێکهاتە سیاسییە تەمەنکورت بەڵام کاریگەرە لە سبەینێی کوژانەوەی مۆمی تەمەنیدا.

**کوردستان: چ شتێك وا دەکات کە حکوومەتی ١١ مانگەی کۆمار، پاش ٧٠ ساڵ ئەوەندە لە کۆیادی (بیرەوەری) مێژووی کورد جێ بگرێت؟**

**هاشم ئەحمەدزادە:** شێوازی ڕوانین و هەڵسەنگاندنی ئێمە لە ڕووداوە مێژووییەکان زیاتر لەوەی کە بگەڕێتەوە سەر چلۆنایەتی و تایبەتمەندییە بەرهەستەکانی خودی دیاردەکە لە ڕابردووی مێژوویی‌دا، بەستراوەتەوە بە چلۆنایەتیی تێگەیشتنی ئێستای ئێمە. بە واتایەکی دیکە، ئەوە وەفاداری بە ئامانجەکانی کۆمارە کە دەبێتە هۆکاری زیندووهێشتنەوەی ئەم یادەوەرییە مێژووییە. زەینی مرۆڤ چ وەك تاك و چ وەك کۆ و کۆمەڵ، لەسەر بنەمای شێوەی بیرکردنەوەی ئێستا و هەنووکەیی خۆی، ڕووداوە مێژووییەکان لە بێژینگ دەدات و بڕیار دەدات کێ و چی لەبیر بکات و کێ و چی بە زیندوویی ڕابگریت. وەدی‌نەهاتنی ئامانجەکانی کۆمار و پێداویستیی وەدی‌هێنانی ئەم داخوازییانە میکانیزمی سەرەکییە بۆ مانەوەی ئەم ڕووداوە مێژووییە لە کۆیادی مێژوویی کوردی‌دا. هەر ئەمەش، سەرەڕای کەند و کۆسپی زۆری سەر ڕێگای بزووتنەوەی کوردی، بووەتە هۆی زیندوومانەوەی خەبات و تێکۆشانی کوردان بۆ وەدەستخستنی مافە نەتەوەیی و دێموکراتیکەکانیان. بزووتنەوەی کوردی لە حەفتا ساڵی ڕابردوودا تەنیا بۆ ماوەیەکی زۆر کورت، لەڕاستیدا کەمتر لە چەند ساڵ، توانیویەتی لە فەزایەکی ئازاددا هەناسە بدات، بەڵام، سەرەڕای هەموو گرفتەکان، ئەم بزووتنەوەیە لە خەبات و تێکۆشانی خۆی بەردەوام بووە. ئەم بەردەوامیی و شێلگێرییە، یەك لە هۆکارەکانی زیندوومانەوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی و دێموکراتیکی کوردە. خۆیایە بزووتنەوەیەکی لەم چەشنە پشتیوانیی لە ڕابردووی خۆی وەردەگرێت و بۆ بەهێزکردنی خۆی لە ڕیشەکانی سەرهەڵدان و گەشەی خۆی لە قوڵایی مێژوودا دەگەڕێت و ڕەگی بەهێزی ئەم مێژوویەش بێ هیچ گومانێك کۆماری کوردستانە. لەڕاستیدا هەموو بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیستی بۆ پاساوی خۆی، ئاوڕ لە مێژووی دوور و نزیك دەداتەوە و بە بەراوردێکی زۆر ساکاریش لەگەڵ هێندێك بزووتنەوەی نەتەوایەتیی دیکە لە ئاستی ناوچەیی و جیهانیدا، دەتوانین بڵێین کۆیادی مێژوویی کورد، سەرەڕای هێندێك خاڵی بەهێز و بەرچاو، زۆریش بەهێز نەبووە و نییە.

**کوردستان: ڕوانگەی بەڕێزتان بۆ ململانێی بۆچوونەکانی ڕووخانی کۆمار کە باس لە ژێئۆپۆلوتیکی ناوچە و خیانەتەکانی عەشیرەکان دەکەن چیە؟**

**هاشم ئەحمەدزادە:** هەر وەك لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا باسم کرد، دیالێکتیکی کارتێکەریی هۆکارە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی دیاردەکان پێمان دەڵێت کە دواجار ئەوە هۆکارە نێوخۆییەکانن کە بڕیار لەسەر چارەنووسی دیاردەکان و بزووتنەوە سیاسییە مێژووییەکان دەدەن. ئەوە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە جۆغرافیای سیاسیی کوردستان، هێندێك تایبەتمەندیی و ئاسۆی دیاریکراو بە بزووتنەوەی نەتەوەیی و دێموکراتیکی کورد دەبەخشێت، بەڵام ئەمە هەمووده‌مێ کارتێکەرییەکی نەرێنی و نێگاتیڤ نییە و هێندێکجار بە باری ئەرێنی‌دا دەشکێتەوە. بۆ نموونە ڕەنگە ئەگەر ئەو هەلومەرجە سیاسی و جۆغرافییە تایبەتییە نەبوایە، هەوڵی بەردەوامی نەیارانی کورد لە ناوچەکەدا بۆ تواندنەوەی ناسنامە و هەبوونی کورد سەرکەوتایە. کوردەکان کەم تا زۆرێك توانیویانە لە تایبەتمەندییەکانی ئەم جۆغرافیا سیاسییە بۆ مانەوەی خۆیان کەڵك وەرگرن. ڕەنگە دامەزراندنی کۆماری کوردستان تاڕادەیەك، کەڵكوەرگرتنی دروست و وشیارانە و بوێرانەی ڕێبەرانی بزووتنەوەی کورد لەو فاکتۆرە ژێئۆپۆلیتیکانە بووبێت.

تا ئەو جێگایەی دەگەڕێتەوە سەر ڕووخانی کۆمار، بە باوەڕی من ئەگەرچی هۆکاری دەرەکی ڕۆڵێکی بڕیاردەری هەبوو، بەڵام دواجار ئەوە پێکهاتەی ڕێبەرایەتیی کۆمار و تۆکمەنەبوونی گوتاری کوردی بوو کە هۆکارەکانی هەرەسی کۆماری بەرهەم هێنا. هەڵبەت هێندێکجار هۆکاری دەرەکی کارتێکەریی بڕیاردەری لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان هەیە. لە ڕووخانی کۆماردا ئەم ڕاستییە زۆر بە ڕاشکاوی خۆی دەردەخات. ئەگەر هێزەکانی سۆڤیەت پاشەکشەیان نەکردایە و ململانێی نێوان بەرەی ڕۆژئاوا و سۆڤیەت لە بەرژەوەندیی و قازانجی ڕۆژئاوادا تەواو نەبوایە، ڕەنگە کۆمار بەو هاسانییە نەبووبا بە ئەزموونێکی شکستخواردوو. ئەمەش دەتوانێت دەرسێکی گەورە بێت بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی لە سەردەمی ئێستادا، کە هەوڵی بێوچان بدات بۆ ئافراندنی هاوکێشەیەکی گونجاو و کارا لەنێوان هۆکارە دەرەکی و ناوەکییەکانی مانەوە و گەشەی خۆی.



# دیپلۆماسیی «حکوومەتی ناوچەیی کوردستان» لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران (بەشی سێهەم)

ن: پەرویز جەباری
و: جەماڵ ڕەسوڵدنخە

ڕوانینێکی کورت بەسەر حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا

هەرێمی خودموختاری کوردستان لە چوارچێوەی عێراقی فێدراڵدا بە شێوەی فەرمی دوای ڕووخانی ڕێژیمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣دا و پێشتریش بە شێوەیەکی خۆبەڕێوەبەری لە سەرەتای دەیەی ٩٠ی زایینییەوە ئیدارە دەکرا.

ئەو خودموختارییە لە نیزامی عێراقدا لە جۆرێک پشتیوانیی نێودەوڵەتی و ڕێککەوتنێکی سیاسی بەپێی یاسای بنەڕەتیی عێراقی فێدراڵ لە نێوان هێزە سیاسییەکاندا بەهرەمەندە. هەرێمی خودموختاری کوردستان لە چوارچێوەی عێراقی فێدراڵدا، وەکوو دەوڵەتێکی فێدراڵی «نەتەوەیی» بە جەختکردنەوە، قەبووڵ و بە فەرمی ناسینی جیاوازییە نەتەوەیی، ڕەگەزی و زمانییەکان بیچمی گرتووە. ئەو دەوڵەتە فێدراڵە ئەو جیاوازییانەی بە جۆرێک لە ئیدئۆلۆژی و بنەما سیاسی و حکوومەتییەکانی خۆیدا گونجاندووە.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان جیا لەوەیکە لە چوارچێوەی حکوومەتی فێدراڵی عێراقدا بە فەرمی ناسراوە، بەپێی یاسای بنەڕەتیی عێراقی فێدراڵ و کەڵکوەرگرتن لە تایبەتمەندییەکانی ڕێژیمە فێدراڵییەکان، ئیختیاراتی ئەو حکوومەتە لە بواری بودجە، سیاسەتی دەرەوە و سیاسەتی بەرگری تا ڕادەیەک لەژێر دەسەڵاتی عێراقی فێدراڵ دایە، بەڵام لە بوارەکانی دیکەدا و وێڕای تایبەتمەندییەکانی خۆی کە لە توانای‌دایە، هێز و دەسەڵاتێکی زیاتری هەیە.

هۆکاری ئەو تایبەتمەندییانە بۆ تایبەتمەندییەکانی وڵاتی عێراق لە بواری مێژوویی وەکوو غەیرە سیستماتیک بوون، ناوێکچوویی، دیکتاتۆری، سەرەڕۆیی، ڕاپەڕینە خوێناوییەکان و ڕۆڵی خەبات و خۆڕاگرییەکانی کورد لە سەرتاسەری ساڵانی پێش هاتنەسەرکاری عێراق، وەکوو وڵاتێکی دەستکردی دروستکراوی وڵاتانی زلهێز دەگەڕێتەوە.

ئەو دۆخە و ڕابردووی عێراق، توانای مانۆڕ و هێزێکی زیاتری داوە بە کوردەکانی هەرێمی کوردستان و وەک یاریکەرێک لە ئاستی ناوچەکە و تا ڕادەیەکیش لە ئاستی جیهانی، سەیری ئەو هەرێمە بکرێت. بە هۆی تایبەتمەندییە زۆرەکانی هەرێمی کوردستان، ئەو ناوچەیە لە توانایی و دەفرایەتی زۆر لە بواری دیپلۆماسیی گشتیی بەهرەمەندە کە بەپێی سەرچاوە و بەستێنەکانی، ئەو جۆرە دیپلۆماسییە دەتوانێت قەرەبوو و دابینکردنی دیپلۆماسیی فەرمی و نێودەوڵەتی بۆ کوردەکان هەبێت.

کوردەکان بەپێی یاسای بنەڕەتیی فێدراڵی عێراق، ئاڵا، زمان، ڕێنووس و هێزی ئەمنیەتی و نیزامیی خۆیان لەژێر ناوی دەزگای ئاسایش و وەزارەتی پێشمەرگەدا هەیە، دیتنەوە، دەرهێنان، ڕاگواستن و فرۆشتنی نەوت بە بەشداریی و واژۆکردنی گرێبەستی نەوتی لەگەڵ شیرکەتە بیانییەکان لە بواری سەرمایەگوزاری (هەرچەند ئەو پرسە بووەتە جێگای ناکۆکی و ململانێی جیددی نێوان هەولێر و بەغدا)تایبەتمەندییەکی تایبەتی داوەتە هەرێمی خودموختاری کوردستان لە چوارچێوە نیزامی فێدراڵی عێراقدا.

تا جێگایەک لە زۆربەی پێوەندییە دەرەکییەکان لەگەڵ وڵاتانی جیاوازدا، وەکوو وڵاتێکی سەربەخۆ کار دەکات. هەرێمی خودموختاری کوردستان، نە وەکوو وڵاتێکی سەربەخۆ و بەفەرمی ناسراو لە نیزامی نێونەتەوەییدا، بەڵکوو وەکوو بەشێک لە وڵاتی عێراقی فێدراڵ، بەپێی تایبەتمەندییەکانی خۆی، بارودۆخی ئێستای عێراق، ڕابردووی خەباتی کوردەکان لە عێراق و دیپلۆماسیی کوردەکان بۆ ناساندنی زیاتر لە نێوان یاریکەرە جیهانی و ناوچەییەکان، گرینگییەکی تایبەتی پەیدا کردووە.

ئەو جوغرافیا سیاسییە، بەشێک لە بیاڤی شارستانییەت، فەرهەنگی، زمانی، مێژوویی و نەتەوەیی خەڵکێکە کە بە درێژایی مێژووی «کورد» و وڵاتەکەیان «کوردستان»ـە.

کوردستانێک کە بەپێی ڕێککەوتن و هاوکێشەکانی زلهێزە گەورە و ناوچەییەکان لە سەدەی ڕابردوودا، بە بەشگەلی جیاواز دابەش کراوە.

جوغرافیای سیاسی و فەزای ستراتژیک

حکوومەتی هەرێمی کوردستان، وەکوو بەشێک لە کوردستانی گەورە، دوای چەندین ساڵ خەبات و خۆڕاگری، لە چوارچێوەی عێراقی فێدراڵدا توانیویەتی بە جۆرێک خودموختاریی تەواو بگات لە زۆربەی بوارەکاندا. ئەو ناوچەیە بە هۆی تایبەتمەندییە ژئۆپۆلتیکەکان و جوغرافیای سیاسی لەژێر هەندێک لە بەربەست و کێشەگەلی جۆراوجۆر لە پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ دراوسێیەکانیدا هەیەتی.

لە بنەڕەتدا دەبێ وەبیر بێنینەوە کە وڵاتان و جوغرافیای سیاسییان، وەکو مرۆڤ هەندێک پێناسە و کۆدی نەگۆڕی هەیە، تا جێگایەک کە دەتوانین ئەو پێناسە و کۆدانە وەکوو تایبەتمەندیی و پێناسەی سەقامگیر و نەگۆڕی وڵاتان و ناوچەکانی وڵاتێک ناودێر بکەین.

سەرچاوەکانی وەکوو ئاو، ڕووبارەکان، ڕۆخی دەریا، گۆلەکان، کێوەکان، سنوورەکانی وشکایی و دەریایی و...هتد، وەکوو هۆکار و دیاردەی سروشتی و جۆغرافیایی، وەکوو سەرچاوەی هاوبەشی وزە و ژینگە بۆ بەهرەبەرداریی لە سەرچاوە سەقامگیر و نەگۆڕەکانی جوغرافیای سیاسی وڵاتان ئەژمار دکرێت.

ئەو هۆکارانە، خۆی وەکوو سەرچاوەکانی پێوەندی، دۆستی، دوژمنی و پێکناکۆکی لە نەزم و پێوەندییە دیپلۆماسییەکان بەکار دەبردرێن. ئەو سەرچاوە نەگۆڕانەی وڵاتان، لەژێر کاریگەریی هۆکاری سروشتی و جوغرافیاییدا لە چارەنووس و پێگەی وڵاتێکدا لە حەوزەی جوغرافیایی‌دا، نەگۆڕن.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە دارابوونی، هاوبەشیی بەرژەوەندیی هاوبەش لەو جۆرە سەرچاوە سروشتیی و جوغرافیاییانە لەگەڵ دراوسێیەکانی خۆی بەربەست و کێشەی هەیە، کە لە بەستێنی دیپلۆماسی‌دا دەبێ سەرنجی پێ بدرێت. هەرچەند کە ئەو دراوسێیانە بە شێوەی حەقیقی کوردەکان و بەشێک لە وڵاتانی هاوبەش و مێژوویی خویانن، بەڵام لە ڕاستیدا و بەفەرمی وڵاتانێک هەن کە لەسەر کوردستان دەسەڵاتیان هەیە.

ئەلێرەدایە کە دیپلۆماسی بۆ حکوومەتی خودموختاری کوردستانی عێراق ئاڵۆز و دژوارە، بە هۆی پێکەوەنووسانی لەگەڵ توخمی شوناسی نەتەوەیی و خەباتی هاوبەش لە بەشەکانی دیکەی کوردستان، دیپلۆماسی لێرەدا زووتر زەربەی وێ دەکەوێ. ناسین، بەهێزکردن و بەڕێوەبەریی ئەو پێناسانە، دەبێتە هۆی ئەوەیکە سەرکەوتووتر، پێشکەوتووتر یا بەدەستهێنانی ئیمتیاز لە وڵاتێک یا دۆڕان و یا لە دەستدانی ئیمتیاز لە پێوەندییەکان و پێوەندی لەگەڵ یاریکەرانی دیکە و هێزە سیاسییەکانی بەدواوە بێت.

وڵاتان یا ناوچە خودموختارەکان کە لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتیدا بە فەرمی دەناسرێن، دەتوانن ئەو تایبەتمەندی و کۆدە ستراتیژیکەیان لە پێناسەکردن لەگەڵ باقی دراوسێیەکان و زلهێزەکان هەبێت. واقعبینانی سیاسی لە پێوەندییە دیپلۆماتیکەکان لەو باوەڕەدان کە لەوزۆربەی حاڵەتەکان و جوغرافیای سیاسیی وڵاتێک، زۆر جاران لە بارودۆخێکی بەرتەسکدا ڕەفتار و هەڵسووکەوتی سیاسی، جوغرافیای سیاسی لە بەرانبەر دراوسێیەکاندا دەگۆڕێت.

ئەو بارودۆخە لە ڕوخسار و حاڵەتێکی دیکە وەکوو فاکتێکی ئەرێنی، هێزی چالاکیی و توخمێک لە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان دووبارە پێناسە دەکرێتەوە. بەپێی پێناسە و ستراتیژی سیاسەتی دەرەوە، بە کەڵکوەرگرتن لە بەستێن و بواری ژئۆپۆلیتیکی دەتوانین لەگەڵ دراوسێ و باقی گەمەکەرانی سیاسی کە ناکۆکی یا یەکگرتنەوەی بەرژەوەندییان هەیە، ئیمتیاز وەربگرێ.

ئەو واقعبینییە سیاسییە کە خۆی گرێدراوێک لە دۆخی ژئۆپۆلیتیکی وڵاتێکە، سیاسەتداڕێژەران و بەرپرسانی سیاسەتی دەرەوە و دیپلۆماسیی وڵاتێک بۆ ئاقارێک دەبەن کە ڕەفتار و پێوەندییە سیاسییەکانی خۆیان گرێدراوێک لە دۆخی جوغرافیا پێناسە بکەن. بەپێی تواناییەکان، کەرەستە، دەفرایەتییەکان، دۆخ و ئەو ئاڵوگۆڕەکانەی کە ڕوودەدات، لە ڕێگای بەڕێوەبەریی و دیپلۆماسیی خۆیان بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی خۆیان دەپارێزن یا نبەدەستی دێنن.

هەر لەو فەزای جوغرافیای سیاسییانەی وڵاتانە کە هاوپەیمانییەکان، یەکگرتووییەکان، دابینکردنی بەرژەوەندییەکان، شەڕ، کێبڕکێیەکان، دۆستی و دوژمنایەتییەکان بیچم دەگرن، دێنە ئاراوە و هەروەها لەناو دەچن. بەڵام بۆ هەر کایەکەرێک لەو جوغرافیا سیاسییەدا کە بەرژەوەندییەکانی تێدایە؛ ناسین، پێوەندی و هەروەها تاوتوێکردنی بەردەوامیی ئەو پارامێترانەی کە بەپێی بارودۆخی جۆراوجۆر سەربەخۆ یا ناسەربەخۆن، لە ئەستۆی سیاسەتی دەرەوە و سیاسەتداڕێژەران و بەڕێوەبەرانی سیاسیی وڵاتێکن.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان وەکوو بەشێک لە عێراقی فێدرال، لە هەندێک بواردا وەکوو بودجە، سیاسەتی دەرەوە و تا ڕادەیەکیش سیاسەتی بەرگری و دیپلۆماسی، بارودۆخێکی نالەباری لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا ئەزموون کردووە. ئەوەش لە حاڵێکدایە کە لە بەشی نێوخۆیی، ئەمنییەت، سەرمایەدانان، هەڵبژاردن، پارلەمانی ناوچەیی، حیزب و هاوپەیمانییەتییەکان، کاروبار، دەوڵەتی ناوچەیی، یاسای بنەڕەتی، ڕاگەیاندن و چاپەمەنی، پەروەردە، توریسم، نۆژەنکردنەوە، ئاوەدانی و هەندێک بواری دیکە، نیسبەت بە ناوچەکانی دیکەی عێراق کارنامەیەکی سەرکەوتووتری هەیە.

هەرچەند کە بە هۆی دەسەڵاتی بەردەوامی حیزبی لەسەر پێکهاتەی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و ...هتد، لەو هەرێمە خودموختارە، هەروەها کورتهێنان، لاوازی، ناکارامەیی، گەندەڵی و هەندێک بواری دیکە باسی لێوە دەکرێت، بەو مانایە کە ناڕەزایەتییەکان، سکاڵا و ناڕەزایەتی بەو دۆخەش بە شێوەی جۆراوجۆر لە بەستێنە سیاسی، فەرهەنگی، ڕاگەیاندن، چاپەمەنی، حیزبی و خەڵکی خۆی نیشان داوە.

بەڵام جەبری ژێئۆپۆلتیکیی حکوومەتی خودموختار لە بەرانبەر دراوسێیەکان بە چ شێوازێک دەبێت و ئەو بارودۆخە چە کاریگەریەکی لەسەر ڕەهەندە جیاوازەکان بۆ دەستپێڕاگەیشتن بە دابینکردنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکاندا هەیە؟ ئەو بارودۆخە بە چ شێوازێک دەتوانێت سەرچاوە و دەرفەتێک بێت بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندیی نەتەوەیی یا هەڕەشە بێت بۆ سەر حکوومەتی هەرێم؟

بە ڕوانینێکی گشتی بۆ سەر بارودۆخی جوغرافیایی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، زیاتر یا باشتر دەتوانین باشییەکان، ئیراد، دژواری و بەستێنەکانی هەڕەشە و دەرفەتسازی ئەو هەرێمە خودموختارە بناسین، ئەو جوغرافیا سیاسییە وەکوو کۆد یا کارتی گەمە، بۆ هەرێمی کوردستان کار دەکات و بۆ توانایی، هێز، دیپلۆماسی و هێزی بەڕێوەبەریی و ڕێنوێنیی سیاسیی کۆمەڵگا، حکوومەتی ناوچەیی و گەمەکەرانی بەرانبەر دەگەڕێتەوە.

حکوومەتی هەرێم وەکوو بەشێک لە کوردستان و لە چوارچێوەی عێراقی فێدراڵ هەندێک ئیمتیازی هەیە و بە هۆی جوغرافیای خۆی، مەحکووم بە هەڵوێستێکی یەک لایەنەی سیاسییە کە لێکەوتەی بۆ هەموو کوردەکانی دیکە لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا هەیە. حکوومەتی هەرێمی کوردستان وەکوو بەشێک لە نیزامی فێدراڵی عێراق، لە بواری حقوقی و سیاسەتی دەرەوە، بەرگریی و پرسی پارە و بابەتی نەتەوەیی، لەژێر سیاسەتی گشتیی نیزامی فێدراڵدایە. وەکوو هەر نیزامێکی فێدراڵیێ دیکە، لەگەڵ هەندێک جیاوازی کە بەرهەمی شوناسی نەتەوەکانی دروستکەری نیزامی فێدراڵ، پێگەی وڵاتی عێراق، قەیرانە ناوچەییەکان، کێبڕکێ و دەستێوەردانی زلهێزە گەورە و ناوچەییەکانە.

ناوچەی هەرێمی کوردستان لە دۆخی فەرمیدا کە لە دەرەوەی مادەی ١٤٠ بە حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەناسرێت. پارێزگاکانی هەولێر، دهۆک، سلێمانی و حەڵەبجە لەخۆ دەگرێت. ئەگەر ئەو ناوچانەی کە کورد کێشەی لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیدا هەیە، لە کردەوەدا بەو شوێنانەوە بلکێنین، پانتایی ئەو بەشە لە کوردستان دوو قات دەبێتەوە، بەڵام پاش قەیرانی هاوینی ساڵی ٢٠١٤ی زایینیی داعش لە عێراقدا ئەو بەشە لە کوردستان، ئەمڕۆکە لە بیاڤی دزەکردن و بەڕێوەبەریدا لە دەست دەوڵەتی کوردستان‌دایە.

هەر چەند بە شێوەی فەرمی ئەو دۆخە تاوتوێ نەکراوە. کوردستان (ناوچەی خودموختاری لەگەڵ ئەو ناوچانەی کە کێشەیان لەسەرە و بە پێچەوانە) لە هەر دوو حاڵەتدا ناوچەیەکە کە بۆ وەرزێڕی باشە و سەرچاوەی ئاوی زۆری هەیە، خاکی بەپیتە و لەوەڕگەی باشی کوێستانیی بۆ ئاژەڵداری هەیە. سەرسەوزە و ناوچەی زۆری گەشتیاریی بۆ گەڕان و توریسم هەیە، ئەوەش لە کاتێک‌دایە کە سەرچاوەی ژێرزەوینیی باشی هەیە، هێزی مرۆیی باشی هەیە. (هەر چەند لە زۆر بواردا وەک پەروەردە، شارەزایی و توانایی باشی نیە).

## جووت حەوت



هەوراز

هێشتا کەفوکوڵی تەنگهەڵچنین بە کۆماری ئیسلامی و بە چالیش کێشانی لە ڕێگەی سندووقەکانی خۆیەوە نەنیشتبووەوە کە ئاغای خامنەیی ڕایگەیاند چالیشێك لە ئارادا نیە و ئەمە فیتی حەزرەتی خۆمە و ئەوانەش کە ناوی ئۆپۆزیسیۆنیان لە سەر خۆیان داناوە، با بێنەوە ژێر عابای خۆمان و دەنگ بدەن. هەروەها وتیشی ئێوە لەوانەیە لەگەڵ خۆم کێشەتان هەبێت بەڵام خۆ لەگەڵ نیزام کێشەتان نیە و بە هیی خۆتانی دەزانن (ڕاست و درۆی وە ئەستۆی خودی ئاغا). هەڵبەت، ئەگەر تەنانەت بە دروشمیش بێت، ریگەیان پێ بدات لە نێو مۆرەکانی خۆیدا دەنگ بە کاندیدایەك بدەن کە لە خۆیان نزیکە، دیسانیش تۆزێك ڕێی تێ دەچێ کە هەموو دارونەداری سیاسیی خۆیان لە سەر «بە چالیش کێشان»ێکی خەیاڵی دابنێن، بەڵام ئاغا لە درێژەی باسەکدا دەڵێ: «مەجلیسێکی وەك مەجلیسی ئێستام لێتان دەوێ». واتە تەنانەت بۆی دیاری کردوون کە لە نێو شوێنکەوتوانی ویلایەتی فەقیهیشدا دەنگ بە کێ بدەن و ئەگەر دەنگیش نەدەن گرینگ نیە، چوونکە تەنیا بەشداری گرینگە. بەو حاڵەشەوە هەر کێشەیەك دەمێنێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە ئێستا هێندێك لەوانە ناوێرن بچنەوە بۆ ئێران دەنگ بدەن، چوونکە دەترسن ببنە میوانی کەهریزەك و وەهایان بە سەر بێنن کە ناوی خۆیان لە بیر بچێتەوە. کەواتە نەك مافی دەنگدانی ئازاد، بەڵکوو مافی ژیانی ئازادیشیان لە ئێراندا نیە و ئەو هەڵبژاردنەش ناتوانێ ئەو مافەیان بۆ بگەڕێنێتەوە، چوونکە ئەزموونی عومری کۆماری ئیسلامی نیشانی داوە کە «ماف زەوت دەکرێ، بەڵام ناسەندرێتەوە». واتە بازنەی خاوەن مافەکان و بەربڵاویی مافەکانیان بەردەوام بەرتەسکتر دەبێتەوە، نەك بە پێچەوانە.

یەکێکی دیکە لە سەیروسەمەرەکانی ئەو هەڵبژاردنە، لە زمانی وتەبێژی شوورای نیگابانەوە دەبیستین کە دەڵێ: «ڕاگەیاندنی ڕەدی سەلاحیەتەکان نهێنییە». جا ڕاگەیاندنی نهێنی لە بابەتێکی تا ئەو ڕادەیە ئاشکرادا چۆن دەبێ، مەگەر هەر خۆیان لێی تێ بگەن. ئەوەندەی من لێ تێگەیشتبێتم، ئەوە چەن حاڵەتی هەیە:

١ـ تەنیا بە خودی پاڵێوراو دەڵێن سەلاحیەتت ڕەد کراوەتەوە، بەڵام بە خەڵك ناڵێن. برادەرانیش ئەگەر ڕێگەیان پێ درا بچنەوە بۆ دەنگدان، دەنگ دەدن بە دوکتور فڵانزادە. پاشان کە دەنگەکەیان هاوێشت، دوو سەربازی گومنامی ئیمامی زەمان بە میهرەبانییەوە قۆڵیان دەگرن و پێیان دەڵێن: «ئەوەی تۆ دەنگت پێ دا ڕەدی سەلاحیەت کراوە و دەنگەکەت باتڵەیە، بەڵام دەچێتە نێو سندووقی «مەشرووعییەتی نیزام» کە لە دەرەوە پێویستمان پێیەتی، بۆ خۆشتان فەرموون لەگەڵ ئێمە تا دوو کۆڵان ئەو لاتر میوانی حاجی کازمی، بەرپرسی زیندان بن، پێکەوە قاوەیەك دەخۆینەوە». بەڵام ئیتر کەس بە زیندوویی نایانبینێتەوە.

٢ـ بە خودی پاڵێوراویش ناڵێن ڕەد کراویتەوە، کابرا بەشداری دەکات و کۆڵێك وەعدی خۆش خۆش بەم و بەو دەدات و کانیی بڵ و گۆلی ورمێ و ئەسڵی ١٥ و هتد وە بیریان دێنێتەوە، دەنگەکەشی دەژمێرن، بەڵام کاتێك کە چووە مەجلیس، شوورای نیگابان لیستەیەك لەو کەسانە بڵاو دەکاتەوە کە دەنگیان هێناوەتەوە، بەڵام سەلاحیەتیان ڕەد کراوە و بە پێمەڕە لە مەجلیس دەریان دەکەن.

٣ـ دیسانیش بە خودی پاڵێوراو ناڵێن ڕەدی سلاحیەت کراویتەوە، ئەو هەژارەش هەموو خەرجێك دەکا بۆ سەرکەوتن لە هەڵبژاردندا، بەڵام دەنگی ئەوانەی کە ڕەت کراون ناخوێنێرتەوە.

٤ـ بە کەس ناڵێن کە چ کەسانێك ڕەد کراونەتەوە، هەمووشیان لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا چالاکانە بەشداری دەکەن، بەڵام پاش ژماردنی دەنگەکان ناوی ئەو کەسە وەکوو براوە ڕادەگەیەنن کە لە سندووقەکاندا دەنگی نەهێناوە. ئەوەش کە دەنگی هێناوە بەڵام ڕەد کراوە، دیسان دەبێتە میوانی حاجی کازمی بە سەرفی قاوەیەکی تاڵی قەجەری.

ئاکامی هەموو ئەو سیناریۆ سەیرو سەمەرانەش ئەوە دەبێت کە یا بەرپرسێکی ئەمنیەتیی ڕێژیم وەکوو براوە ڕادەگەیەندرێت و لە شەقامەکاندا شایی سەرکەوتنی خەڵك و دێموکراسیخوازان! دەگێڕن و پەیامی پیرۆزبایی و دەسخۆشی بەم لاو بەو لادا بڵاو دەکرێتەوە؟

یان لە حاڵەتی دووەمدا بەرپرسێکی ئەمنیەتیی دیکە وەك براوە ڕادەگەیەنرێت و خێزانی ئاغای ڕەفسەنجانی داوا لە خەڵك دەکا بڕژێنە شەقامەکان. خەڵکیش یان وەڵام دەدەنەوە یان نایدەنەوە و لە هەر دوو حاڵەتدا برادەران نیزامیان بە چالیش کێشاوە، بەڵام چالیشەکە هیچی لێ شین نەبووە.

# شانۆیەک بە ناوی هەڵبژاردنەکان لە ئێراندا

جەماڵ ڕەسوڵدنخە

باس‌کردن سەبارەت بە هەڵبژاردنەکان و دەنگدانی خەڵك، پرسێکی قووڵ و چەند ڕەهەندییە کە لەو بابەتەدا جێگا ناگرێت و کۆتایی پێ‌نایەت. لەبارەی هەڵبژاردنەکان زۆرێك لە کۆمەڵناسان و شارەزایانی زانستە سیاسییەکان شرۆڤە و ڕاڤەی ئەو وتەزایەیان لە زانستی سیاسەتدا کردووە و گرینگیی ئەو پرسە لەو بوارەدا کە خەڵکی وڵاتێك بە دەنگدانی خویان چارەنووسی سیاسیی و ژیانی خۆیان لە چوارچێوەی سنوورەکانی خۆیاندا دیاری دەکەن، گرینگە.

هەڵبژاردنەکان جیا لەوەیکە دیارترین نموونە بۆ هەڵسەنگاندنی ئازادیی و حکوومەتی خەڵکی لە نێو وڵاتێکدا ئەژمار دەکرێت، بەڵام ئەوەیکە خودی تاکەکانی کۆمەڵگا بڕیار بۆ وڵاتی خۆیان دەدەن، گەورەترین غرور و کەرامەتی مرۆڤە کە تاك هەستی پێ دەکات، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە، کاتێك تاك خۆی لە بڕیاری داهاتووی وڵاتدا بە بەشدار دەزانێت، هەستی باوەڕ و پاراستنی خاك، زیاتر لە ناخیدا بەهێز دەبێت.

جیا لەو باسە کە بۆچی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکان مەسەلەیەکی زۆر گرینگە، ئەو بابەتە کاتێك زیاتر خۆ دەردەخات کە ئەو دەسەڵاتدارانەی لە لووتکەی دەسەڵاتدان، بۆ درێژەپێدانی دەسەڵاتی خۆیان، تەنیا کاتێك ڕوو لە خەڵك دەکەن کە دەیانهەوێ دەسەڵاتی خۆیان بۆ دەورەیەکی دیکە درێژ بکەنەوە. کارەساتی ئەو هەڵبژاردن و پەنا بۆ خەڵك بردنەوە، کاتێك دەر دەکەوێت کە دەنگدانی خەڵك لە سەندووقەکان و خەڵك هێنانە سەر سەندووقەکان، تەنیا بۆ فریوکاری و ڕواڵەتی بێت و بەڕێوەبەریی هەڵبژاردنەکان تەنیا بۆ لەبەرچاوگرتنی چەمکێك و پرۆسەیەکی سیاسی بێت و دەنگی خەڵك وەك مانا ڕاستەقینەکەی بەهەند وەرنەگیرێت، هەمان ئەو مەسەلەیە کە هەر چوار ساڵ جارێك لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی‌دا دووپات دەبێتەوە.

لە ماوەی ٣٦ ساڵی ڕابردوودا، دوای هاتنەسەرکاری حکوومەتی ویلایەتی فەقیهـ، تا ئێستا هەر چوار ساڵ جارێك هەڵبژاردن بۆ مەجلیسی شووڕای ئیسلامی، شووڕای شار و سەرکۆماری بەڕێوە دەبات، کە تەنیا قاپڵۆخێك لە هەڵبژاردنەکانە و ئەوەش تەنیا شەخسی عەلی خامنەییە کە مۆرەکان جێبەجێ دەکات و بڕیاری «دانان و لابردن»ی کەسانێك بە ناوی «نوێنەرانی خەڵك» دەدات.

دەسەڵاتی سیاسی لە ئێراندا خەڵکی نیە و پاوان کراوە، کە ئەوە بۆخۆی مۆری ڕەتکردنەوە بە هێماکان و نیشانەکانی خەڵك سالاری لەو وڵاتەدایە، چوونکە بڕیاری هەوڵ و کۆتایی شەخسی یەکەمی دەسەڵات کە خۆی بە نوێنەری بێ‌ئەملاوئەولای خودا لەسەر زەوی دەزانێت، دەری دەکات و ڕەخنە و شرۆڤەش سەبارەت بە بڕیارات و تێبینییەکانی ناوبراو کارێکی هەڵەیە.

ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران هەر جارە لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا، فەزای باس و مشتومڕ تا ڕادەیەك دەکاتەوە و خەڵك و پاڵێوراوانی هەڵبژاردنەکان، بە قەولێك ڕەخنە لە دەسەڵاتە دەستە چەندەمییەکان دەگرن و وادە و بەڵێنی بە خەڵك دەدەن کە ئەگەر بە باشی و جوانی سەرنج بدەینە قسەی پاڵێوراوانی هەڵبژاردنەکان، زیاتر دەربڕینی دەرد و کردنەوەی گرێ دەروونییەکانە، کە بە هۆی نەبوونی فەزای کراوەی سیاسی و گوشارە کۆمەڵایەتییەکان، لە ناخیاندا دروست بووە و لەو کاتەدا کە دەرفەتێك خولقاوە، دەیدرکێنن. چوونکە وەك ئەو پەندەی کە دەڵێت: «پێستی بەرازییە و دەبباغیی نایە»، خودی پاڵێوراوانی هەڵبژاردنەکان باشتر لە هەر کەس دەزانن کە «گۆڕان» هیچ، تەنانەت «چاکسازی»یی سەرەتاییش لەو ڕێژیمەدا ناکرێت.

لە ڕێژیمێکدا کە باوەڕی بە هیچکام لە بنەماکانی مرۆڤایەتی و سیستمی سیاسیی مۆدێرن نیە، قسەکردن لە چاکسازیی و گۆڕانی پێکهاتەی ڕێژیم بێهوودیە و دواکەوتوانی ئەو بیرۆکەیە، بێ هیچ ئەملاوئەولایەك، زۆر لە هەڵەدان، چوونکە محەممەد خاتەمی کە وەك ڕزگارکەری خەڵکی ئێران دەناسرا، لە دوایین ڕۆژەکانی کاری خۆیدا ڕایگەیاند کە، ئەو «تەدارۆکات»چییەك زیاتر نەبووە.

هەڵبژاردنەکان لە ماوەی دەسەڵاتی ئەو ڕێژیمەدا، هەڵبژاردنێکی نمایشی بووە و هەڵبژاردنێك بووە و بەتاڵ بووە لە هەر چەشنە ئامانجێکی ڕاستەقینە بۆ خەڵك. ئەم جۆرە هەڵبژاردنانە لە ڕێژیمە سەرەڕۆکان زۆر باوە و بەم چەشنە پرۆپاگەندا دەکەن کە ڕێژیمەکەیان ڕەوایی گشتی هەیە.

لە هەڵبژاردن و دەنگدان بەو تاکەی کە خۆی پاڵاوتووە، یەکێك لەو شیاوییانەی (سەلاحییەت) کە دەبێ هەیبێت، دەبێ جێگای پەسند و قەبووڵی خەڵك بێت، کە ئەو تاکە لە چ کات و شوێنێکدا باس لە چاکسازی دەکات و وادە دەدات بە خەڵك، بۆ کەسێك کە لانیکەمی ڕوانگەی سیاسیی هەبێت، بەباشی دەردەکەوێت کە هیچکام لەو پاڵێورانەی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، نە لەو فەزا سیاسییەدان و نە لەو شوێنەشدان کە بتوانن وادە و بەڵێنی بدەن بە خەڵك.

جیا لەو باسانە، خەڵکی ئێران ئەمڕۆ لە بارودۆخێکدا لە سەروبەندی هەڵبژاردنەکاندان کە هۆکار و پرسی جۆراوجۆر لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات ڕوویداوە، کە بایەخ و گرینگیی ئەو هەڵبژاردنانەی چەند قات کردووە، تا ئاستێك کە شەخسی خامنەیی داوای لە هەموو لایەن و تاکەکانی ئێران، تەنانەت ئەوانەی کە دژی نیزامن و قەبووڵیان نییە کردووە دەنگ بدەن. چوونکە خامنەیی خۆی دەزانێت کە قەیرانی مەشروعیەت و ڕەوایی ڕێژیم، زیاتر لە هەرکاتێك خۆی دەرخستووە و لە نێو خودی ڕێژیمیشدا، لایەنە سیاسییەکان شەڕ بۆ دەسەڵات و پارە دەکەن.

ئەو بانگەشە و بانگهێشتە فەرمییەی خامنەیی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خەڵك مەیلی زۆریان بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا نیە و ئەو کێشەیە زیاتر لە هەرکاتێك بەرۆکی ئەو ڕێژیمەی گرتووەتەوە و لەگەڵ ڕێژەی کەمیی بەشداریی خەڵك لە هەڵبژاردنەکاندا بەرەوڕوون کە هۆکاری سەرەکیی ئەو کێشەیە بۆ بێ‌متمانەیی خەڵك بۆ ئەو ڕێژیمە سیاسییە دەگەڕێتەوە.

لەو نێوانەدا، دەبێ خەڵك هەنگاوی سەرەکی هەڵبێننەوە و وەبیر خۆیان بێننەوە کە دەنگدان وەکوو جارانی پێشوو، هیچ کاریگەرییەك لەسەر دۆخی ژیان و ناوەرۆکی ڕێژیم دانانێت و ئەو «پێستە بەرازە، دەبباغی هەڵناگرێت».



# دۆخی کوردستانی باکوور

ئیدریس ستوەت

ماوەیەکە شەڕ لە کوردستانی باکوور لە نێوان هێزی پ ك ك و پۆلیسی تورکیە دەستی پێکردووە و سیاست و پرۆسەی ئاشتی لە وڵاتی تورکیە کارایی خۆی لەدەست داوە و پرۆسەی ئاشتی هەڵوەشاوەتەوە و شەڕێکی خوێناوی دەستی پێکردووە.

وڵاتی تورکیە، پ ك ك وەك تیرۆریست ناو دەبات و بە بیانووی شەڕ لەگەڵ تیرۆریزم، شار و شارۆچکە و گوندەکانی کوردستانی باکوور بۆردومان دەکات و گەمارۆ دەدات و گەلی کورد خلّتانی خوێن دەکات. لە ڕاستی‌دا ئەو شەڕەی لە باکووری کوردستان هەیە، شەڕی دوو نەتەوەی کورد و تورکە، نەك شەڕی پ ك ك و تورك و ئەو شەڕە لە ڕاستی‌دا مالی کورد کاولتر دەکات.

بەپێی ئامارەکانی ڕێکخراوی مافەکانی مرۆڤ، لە سەرەتای دەستپێکردنی شەڕەوە تا ئێستا، نزیکەی ٢٥٠ سەربازی تورك و ٢٨٠ گریلای پ ك ك کوژراون و نزیکەی ٣٧٥ کەسی خەڵکی سڤیل لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی ئەو وڵاتە گیانیان لەدەست داوە و ٧٥٠ کەسیش بریندار و بە هزاران کەسیش ئاوارە بوونە.

ئێستا لەم وڵاتەدا، هێزی عەسکەری دەستپێشخەرە و ڕۆژ بە ڕۆژ تا دێت، دۆخی کوردستانی باکوور بە گشتی ئاڵۆزتر دەبێ و سیاسەت وەکوو مێکانیزمێک بۆ بەڕێوەبردنی وڵات، بۆ چارەسەریی کێشەکان لە تورکیە ڕووبەڕووی بنبەست بووەتەوە و مەودای نێوان ئانکارا و ناوچە کوردنشینەکان فراوانتر بووە و بێگۆمان ئێستا شەڕ پانتا و ناوچەی زیاتری بەخۆیەوە گرتووە و بەردەوام هێزی عەسکەریی تورکیە ئۆپەراسیۆن لە ناوچە کوردییەکان ئەنجام دەدەن و تاوانی گەورەیان ئەنجام داوە و ئەگەر ئەو تاوانانە لە هەر وڵاتێکی دیکە ئەنجام درابا، وەك کارەسات لێك دەدرایەوە، بەڵام سەبارەت بە کورد بەداخەوە ئەو تاوانانەی کە ئەنجام دراون، لە ئاستی جیهاندا کەمترین ڕەنگدانەوەی هەبووە.

هەڵمەتی سەربازیی و میلیتاریزەکردنی ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی باکوور، بووە هۆی ئەوە کە خەڵکی کورد هیچ هیوایەکیان بە داهاتووی هاوبەش لە گەڵ تورك نەمێنێ و ئاراستەکە بەرەو دابەشبوون بڕوات.

لە و نێوەدا، نە دەسەڵاتدارانی وڵاتی تورکیە و نە بەرپرسانی پ ك ك، خۆیان بەرانبەر بە هەلومەرجی ئێستای کوردستانی باکوور بە بەرپرسیار نازانن و هیچ لایەنێکیش هەوڵ نادات بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکە و بێگۆمان بەرپرسیاری سەرەکی لەم شەڕەدا هەر دەوڵەتی تورکیەیە.

گۆمان لەوەدا نیە کە بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد لە کوردستانی باکوور دەبێ مافی کورد بە فەرمی بناسرێ، بەڵام پ ك ك وەك بزووتنەوەیەکی کوردی دەبێ گۆڕان بە سەر تاکڕەویی خۆیدا بێنێ. لە ڕاستی‌دا، پ ك ك هیچ نەخشە ڕێیەکی بۆ داهاتووی خۆی نیە و هەر ڕۆژێ بە سیاسەتێکی هەڵە لە گۆڕەپانی سیاسی‌دا خۆی قوت دەکاتەوە و لەو نێوەدا گەلی کوردە کە باج بۆ سیاسەتی هەڵەی پ ك ك دەدات.

پ ك ك ڕۆژێك سەربەخۆیی بۆ هەر چوار پارچەی کوردستان دەوێ و ڕۆژێك نایهەوێ، ڕۆژێك شەڕ دەکات و ڕۆژێك درێژە بە پرۆسەی ئاشتی دەدات و سەرباری ئەوانەش، دەستێوەردان لە هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستان دەکات و زۆر جاریش بە شێوەی فەرمی، دژایەتی پارتەکانی دیکەی کوردستان دەکات.

ئەو شەڕەی کە ئێستا بەرۆکی کوردستانی باکووری گرتووەتەوە و نەتەوەی کورد قوربانیی بۆ دەدات، بەشێکی دەگەڕێتەوە سەر هەڵەی سیاسیی پ ك ك و بەشێکیش دەگەڕێتەوە سەر سیاسەتی وڵاتانی دیکتاتۆری ناوچە کە نەتەوەی کورد خلّتانی خوێن دەکەن و زۆر بەداخەوە وڵاتانی زلهێزی جیهان، سیاسەتێکی ڕوونیان بەرانبەر بە کورد نیە و ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر بنەمای پێوەندیی باش لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی کە خاوەن کیانن و ئەو وڵاتە زلهێزانەی جیهان کە دەیانهەوێت سیستمی جوغرافیایی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست گۆڕانی بەسەردا نەیەت و ئەوە دەبێتە هۆی ئەوە کە کورد وەك ئامرازێك بەکار بهێنن.

لە ڕاستی‌دا، بەردەوامیی کێشە و ناسەقامگیری لە کوردستانی باکوور، نە بە قازانجی گەلی کوردە و نە بە قازانجی تورکیەیە و تاقە ڕێگای چارەسەریی پرسی کورد لەو بەشە لە کوردستان، دیالۆگە و بە کوشت و کوشتار هیچ کام لەم لایەنانە بە ئامانج ناگەن.

تا ئەو ڕۆژەی کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد یەکگرتوو نەبێ، خاوەن هەڵوێستی خۆی نەبێ، پلانی خۆی نەبێ و خاوەن پرۆژەی خۆی نەبێ، لە سیاسەتدا هەر ئەنجامی بەم شێوەیە دەبێ کە ئێستا هەیەتی.



# واتای گشتیی چیرۆکی مینیماڵ و نموونەیەک لە چیرۆکی مینیماڵ




محەممەد ئیبراهیمی
و: ناهید

سەرەتا ئاورێک لە پێناسەی مینیماڵ لە ڕوانگەی فەتحالله بی‌نیاز، نووسەر و ڕەخنەگری ئەدەبی کە لە وتووێژێکدا لەگەڵ ئیلنا باسی کردووە دەدەینەوە و لە درێژەدا چەند نموونەیەک لە چیرۆکی مینیماڵ لە نووسینی نووسەری ئەم دێڕانە دەهێنینەوە:

پێناسەی مینیماڵیسم لە هونەرەکانی نیگارکێشیی، پەیکەرتاشیی، میعماریی و مۆسیقا هەڵینجاوە. لەم ئاراستەدا، مینیماڵیسم بە ڕەوتێک دەگوترێت کە لە دەیەی ١٩٦٠ەوە سەرەتا لە ئەمریکا و دواتر لە ئورووپا بیچمی گرت و لە سادەیی و ڕوونیی دەربڕین و ڕەوشە سادەکان بۆ ئەفراندنی بەرهەمە هونەرییەکان کەڵکی وەردەگرێت. لە فارسی‌دا مینیماڵیسم بە لانیکەم گەرایی، سادەگەرایی، کەمینە گەرایی، هونەری کەمینە، یان هونەری چڕ و پوخت، مانا کراوەتەوە.

هەروا کە مینیماڵیسم وەکوو شێوازی ژیان، بەدیلێکە بەرانبەر بە ژیانی پڕتێچوو و بەرخۆر، لە پانتای ئەدەبیاتدا، هەم نووسەر و هەمیش شاعیر، پێویستە خۆیان لە درێژدادڕی و زۆر نووسین بەدوور بگرن. خۆیان لە نووسینی هەمەکی و دەربڕینی شتە گشتییەکان بپارێزن و لە نووسینی وردەکارییەکانیش خۆ بەدوور بگرن. بۆ نموونە پێویست ناکات لە گێڕانەوەی سەفەرێک بە فڕۆکەدا، باسی کڕینی بلیتەکە لە ئاژانسەکەش بکرێت یان بەفیڕۆدانی کات لە تاکسی‌دا تا دەگاتە شوێن، مەگین ئەوەی لە سەردانی ئاژانسەکەدا ڕووداوێکی تایبەت هاتبێتە ئاراوە. بۆ نموونە ببینین کەسێک کە بە شێوەیەک ڕەوتی ژیانی کەسایەتیی چیرۆکەکە تا ڕادەیەک بگۆڕێت.

ئەگەر کورتە چیرۆک بەپێی پێناسە کردنی ئێدگار ئالێن پۆ لە دانیشتنێکدا دەخوێندرێتەوە، کورتیلە چیرۆک یان فلەش فیکشێن یان سادێن فیکشێن یان میکرۆفیکشێن و بە گشتی چیرۆکی مینیماڵ دەبێ لە یەک و لە حاڵەتی دەگمەن‌دا لە سێ تا پێنج خولەکدا بخوێندرێتەوە. زۆربەی ئەوانە «پلات»یان نییە و ئەگەریش هەیانبێت، سادەیە، بە ڕادەیەک کە وەک بڵێی لە بنەڕەتدا هەر هیچ ڕووی نەداوە. ئەم پلاتە سادەیە، پێویستە لە زەمەن و شوێنی بەرتەسکدا شکڵ بگرێت، هەڵبەت دەکرێت بە هێنانی یەک یان چەند وشە، ئاماژە بە زەمەنێکی دووریش بکرێت ( بۆ نموونە: جەنگی دووهەمی جیهانی کۆتایی پێ هاتبوو کە...) بەڵام خودی گێڕانەوەکە دەبێت لە زەمەنێکی کەمتر لە ڕۆژێک یان تەنانەت چەند کاتژمێر و هەندێ جاریش چەند خولەکدا بگاتە ئەنجام. هەر لێرەوە دەکرێت بەو دەرئەنجامە بگەین کە ئەگەر کورتە چیرۆک بڕگەیەک لە ژیانە، چیرۆکی مینیماڵیستی، بڕگەیەکی «کوتوپڕ» و گەلێک بەرتەسکترە لە ژیان و دەبێ وەها کورت بێت کە کاریگەریی هەستیارییەکەی بەهێز بنوێنێ. خاڵی ناوەندیی هێزی ئەم چیرۆکە، کەسایەتییەک یان ڕووداوێکە. ئەگەر لە کورتە چیرۆکدا، بەلای زۆرەوە تەنیا ڕوانین و ڕوانگەی کەسایەتی ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت ( نەک کاراکتێرەکەی)، لە چیرۆکی مینیماڵدا ڕەنگە هەر ئەوەندەش ڕوو نەدات. بەم حاڵەش، پێویستە ترس و پەژارە، نیگەرانیی و پەرۆشییەکان وێنا بکات، دیاردەگەلێک وەکوو خۆشەویستی، هیوابڕاویی، هیوا و مەرگ – بەڵام نابێت ناوەرۆکی ئەخلاقی، سیاسی و فەلسەفی هەبێت و یان بەو دەرئەنجامانە بگات.

خاشە و بنەڕەتی مێژوویی چیرۆکی مینیماڵ، لە حیکایەتە کۆنەکانی مرۆڤدایە، بۆ نموونە لە «گوڵستان» و «جەوامعولحکایات»ی ئێران و «چیرۆکەکانی دێکامێرۆن» لە ئیتالیا کە لە لایەن بوکاچینۆوە کۆ کراوەتەوە و «چیرۆکەکانی کانتێر بری» لە بریتانیا کە بە هیمەتی جێفری چاوسێر، کۆ کراوەتەوە و هەروەها تا ڕادەیەک «کلیلە و دێمنە» و «هەزار و یەک شەو». ئەو بەرهەمانەی کە ئەمڕۆکە وەکوو چیرۆک ناناسرێن.

نموونەیەک لە چیرۆکێکی مینیماڵ:

سیانەی جەنگ و ئاشتی

یەک

بۆ دوور ئەڕوانێت. خاک، تۆز، دووکەڵ...ئاو دەکاتە بن دارەکە. مشتێکیش ڕۆ دەکاتە سەر پێیەکانی کە لە ژێر خاکەکەوە ئێسقانی پەنجەکانی دیارن. لاقێک کە دفن کراوە. سەیری کەپرەکە دەکات. کچە بچکۆلەکەی بە مینێکی پووچەڵکراو یاری دەکات.

دوو

دایک دەبێژێ:

لایە لایە لای لایە...

دەنگی تەقینەوەی بۆمب...منداڵەکە لە ئامێزی دایکیدا دەترسێت و ڕادەچڵەکێت...

ـ لایە لایە لای لایە...

تەقە کردن، دەنگی هاواری ئەو پیاوەی بۆ نیزامییەکان وتار دەدات. منداڵەکە پتر خۆی بە دایکیەوە دەنووسێنێت. دەنگی تێکداڕمانی بینایەک...دەنگی قیژەی منداڵان... منداڵەکە خەبەری دەبێتەوە و دەست دەکات بە گریان. ژنەکە ڕوو لە پیاوەکە:

ـ دەکرێت کزی بکەیت؟ منداڵەکە هەستا...

پیاوەکە چاوی بڕیوەتە بێژەری هەواڵەکان و دەنگی تەلەفزیۆنەکە کز دەکات.

دایکەکە لایە لایە دەکات...

سێ

بە دانیشتنەوە دەڕوانێتە تۆپە ڕەنگاڵەکەی، شەمەندەفەرە لەیستۆکەکەی و بتە وەویلەکەی من...بۆ ئەو تفەنگە باغەیەی، باوکی یاساغی کردووە یاریی پێ بکات. بڕیار دەدات هەمان تفەنگی باغە بکاتە یارمەتی بۆ منداڵە جەنگ لێ دراوەکان و باوکیشی دژایەتیی ناکات.



## چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبی کوردی لە هەرسین




بە چاپ و بڵاوکردنەوەی کۆمەڵە شێعری دووبەیتیی شاعیر و نووسەری کورد «ئارەش ئەفزەلی» خەڵکی هەرسین، لە ماوەی ئەمساڵدا چەندەمین کتێبی کوردی بڵاو کرایەوە.

بەپێی ڕاپۆرتە بڵاوکراوەکان، کتێبی «ئەسەری ئاسارە» کۆمەڵێک لە شێعرە دووبەیتییەکانی شاعیر و نووسەری هەرسینی «ئارەش ئەفزەلی» چاپ و درایە بازار. بە بڵاوکردنەوەی ئەو کتێبە، پێگەی فەرهەنگی و ئەدەبییی هەرسین لە کرماشان زیاتر خۆی نیشان دا.

کتێبی ئەسری ئاسارە، کۆمەڵێک لە دووبەیتییەکانی ئەو شاعیرە کوردەیە کە لە ماوەی یەک دەیەدا بەرهەمی هێناوە. ئەو کتێبە لە ١١١ لاپەڕەدا و لە ١٠٠٠ نووسخەدا، لە لایەن «نەشری داستان»ەوە چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

بڵاوکردنەوەی ئەو کتێبە بە هۆی ناسراویی ئەو شاعیرە و ڕابردووی چالاکییە فەرهەنگی و ئەدەبییەکانی لە ئاستی پارێزگای کرماشاندا و شارەزایی ناوبراو لەسەر شێعری کوردی، مێژوو و ئەدەبی کوردی، بایەخێکی زۆر بە بەرهەمەکانی دەبەخشێت.

ئارەش ئەفزەلی، شاعیر و نووسەری کورد بە پێشینەی سێ دەیە چالاکیی فەرهەنگی لە پارێزگای کرماشان، هەنووکە دەبیری ئەنجوومەنی شێعری کوردی لە هەرسینە و لەو ڕێگایەوە توانیوێتی بە بەڕێوەبردنی فێستیڤاڵی ساڵانەی «گەڵاڕێژان» لە شاری هەرسین فەزای شێعر و ئەدەبی کوردی گەشاوە بکات.

# KURDISTAN

*Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan* ▪ *No: 669* ▪20jan 2016



ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr
telegram.me/PDKImedia


